# یادنامە

YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٩ی حوزەیران ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.49.June2023

## تەوافقی سیاسی یان ڕێککەوتنی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی لە عێراقدا

**یادنامە**

لە عێراقدا و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی ناودەبرێت بە دەستەڵاتی دامەزارەوەکان وەک دادوەری و پەرلەمان و حکومەت جگە لە کەڤەرێک هیچ شتێکی تر نیە ، ئەوەشی لەسەر شاشەکەیە و جێهێڵدراوە بۆ دامەزراوە حکومی و یاساییەکان کۆمەڵێک پرسی بچوکی خزمەتگوزاری و دۆسیەی یاسایی بچوکن ، ئەوەشی پێی دەوترێت هێزی دەستوری و سیستەمی سیاسی وڵات دیسانەوە ئەم پرسانەش کۆنترۆڵەکانیان لە وڵاتانی دەرەوەیە ، واتا پرسە گەورەکان بۆ وڵاتە زلهێزەکانە و پرسە بچوکەکانیش بۆ ئیدارەدانی ڕۆژانە لای دامەزراوە لۆکاڵی جوگرافیاییەکان و ناوچەییەکانە ، لە عێراق و هەرێم شتێک نیە بە ناوی دەسەڵاتی سەربەخۆی هەرێمەکان و عێراق و دەستورەکەی و سیستەمە سیاسییەکەی ، لە بەرامبەردا لە دوای ڕۆخانی سەدام حسینەوە ئەوەی کاری پێکراوە سازان (تەوافق) ی سیاسی بوە لە نێوان گروپە سیاسییەکاندا و ئەو گروپانەش هەر یەکەیان کلک و پاشکۆی وڵاتێکی دەرەکی بون ، ئیتر ئەوەی لەسەر شاشەکەیە و دەبینرێت یاری و سیناریۆی ناو بازنەیەکی داخراوە و جۆرە بەرنامەیەک و پلانێکە بۆ گەمژاندن ، هەڵبژاردن و دەنگدانیش جۆرە سواغدانێکە بۆ دیوارێکی ڕزیوی گەمەی دیموکراسی وڵاتان بە سازانی سیاسیشەوە.







100 ساڵ لەمەوبەر کوردستانی گەورە پارچە پارچەکرا ... ل٢
مقەر/بارەگا ... ل٤
بەیادی جاران! ... ل٥
تەختە ڕەشێکی ژێر باران ... ل٦
نیشتمانێک تاپۆی حیزب و بەرپرسان ... ل٧
ئۆپەرێتی هاوڕێتی ... ل٨
ڕۆژنامەی کوردستان ... ل١١
ئەردوغان و لۆزانێکی تر ... ل١٦
شیلان جەبار ... ل١٧
پێشانگای دۆکۆمێنتاری ... ل٢١
بە بۆنەی سەد ساڵەی پەیمانی لۆزانەوە ...ل٢٣
گرواندنی پێستی قازیەک ... ل٢٥
لۆزانی ستەمکاری لە دەرسیمەوە تا شەنگال ٢٦

# 100 ساڵ لەمەوبەر کوردستانی گەورە پارچە پارچەکرا




لە ئێستای دونیای مۆدێرنە و پێشکەوتندا، کاتێک وڵاتانی زلهێز کۆدەبنەوە و کوردەکانی چوار پارچەی کوردستان ترسیان لێدەنشێت. چونکە کورد واتەنی" ئەوەی دەمی بە شیر سوتابێت فوو لە دۆ دەکات" نەتەوەی کورد هەموو دەممان سووتاوە، بۆیە دەترسین جارێکی دیکە لەنێوان وڵاتانی زلهێزدا دابەش و پارچە پارچە بکرێینەوە. 100 ساڵ لەمەوبەر لە شاری لۆزانی سویسرا پەیماننامەیەک مۆرکرا کە تێیدا کوردەکان دابەشی سەر وڵاتانی زلهێزکرا. بەوەش جارێکی کوردەکان ئاوارە و سەرگەردان بوون.

لە دوای جەنگی بەناوبانگی چاڵدێرانەوە کە لە نێوان عوسمانلی و سەفەوییەکان بەرپابوو، ئەم جەنگە بووە هۆی دابەشبوونی کوردستان بەسەر دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانیدا. پێش ڕێککەوتنامەی لۆزان، پەیمانی سیڤەر بەسترابوو. کەمال ئەتاتورک کە بووە هۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆماری تورکیای دامەزراند. توانی بە فێڵ و تەڵەکەبازی پەیماننامەی سیڤەر هەڵوەشێنێتەوە و ئەمجارەیان پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان ڕووسیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و شانشینی بەریتانیا ببەستن. ئەم پەیماننامەیە 2023 کۆتایی پێدەهێنرێت.

مەبەست لەم پەیماننامەیە چی بوو؟

ئەو وڵاتانەی بەشداریان لەم ڕێکەوتنامەیە کرد دەیانەویست سەر لە نوێ کیانی سیاسی و جوگرافی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن و دەستکاری بکەن. یەکەمین نەتەوە کە لەم پەیماننامە بووە قوربانی نەتەوەی کورد بوو چونکە بە بێ پرسانی نەتەوەیەی کورد، وەکو ئەوەی ئەم نەتەوەیە جێگای لەوەڕگای وڵاتانی داگیرکەر بن لەنێوان چوار دەوڵەتی ناوچەکە دابەشکران، ئەوانیش وڵاتانی عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا بوون. ئەو سەردەمەش کە کوردستانی سوور[1]بوونی هەبوو کە هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستانی سوور دەکەوتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە، زمانیان زمانی کوردی و زاراوەی کرمانجی بوو، پایتەختی کوردستانی سوور شاری لاچین بوو. تەنیا ئەم وڵاتە نەبێت کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتەوە. وڵاتانی زلهێز دوای بەستنی پەیماننامەکە هەستان لە ڕێگەی چەک و پاڵپشتی لۆجستییەوە، بۆ سەرکووتکردنی نەتەوەی کورد، پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو چوار وڵاتە دەردەبڕی کە کوردەکانیان بەسەردا دابەشکرابوو.[2]

کورد لە پەیمانی سیڤەردا

پەیماننامەی سیڤەر لە10ی ئابی 1920 لە نێوان وڵاتانی تورکیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ژاپۆن، ئەرمەنستان و بەلژیکا و یۆنان، پۆڵەندا، پورتوگال ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلۆڤینیا و ئەمریکا، واژۆکرا. شەریف پاشای خەندان وەکو نوێنەری کورد ڕێگەی پێدرا بەشداری بکات. ئەم پەیماننامەیە زیاتر بۆ ئەوەبوو کە چارەسەری کێشەی نێوان وڵاتانی ژێردەستەی عوسمانی و هاوپەیمانان بەسترا. کۆی پەیماننامەکە لە 422 مادده تەنیا سێ لە بەندەکانی ئەو 422 مادده تایبەت بوون بە کورد.

ماددەی 62: لیژنەیەک لەسێ ئەندام پێک دێت کە لە سێ کەسایەتی (بەریتانی وفەرەنسا وئیتالیا) حکومەتی ئەو سێ دەوڵەتە دیاری دەکەن، مەڵبەندی لیژنەکەش شاری ئەستانبوڵ دەبێت،ئەم لیژنەیەش پێویستە لەماوەی شەش مانگدا کارەکانیان ئەنجام بدەن، کارەکەشیان ئامادەکردنی یاسایەکە بەمافی فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان کەزۆرترینی دانیشتوانی کوردن کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵای فورات وباشوری سنوری ئەرمینیا وباکوری سنوری سوریاو عێراق. وەك لەبەندی(27)لەماددەی (دوو، سێ)دا دیاری کراوە ئەگەر ئەندامانی لیژنەکە بڕیاریاندا لەسەر هەرکێشەیەك لەکێشەکان ئەوا هەر ئەندامێك کێشەکەی بەرەو ڕووی حکومەتەکەی دەکاتەوە ،ئەم پرۆژەیەش واپێویست دەکات کەمافی ئاشوری وکلدانی وکەمە نەتەوەیی وئاینیەکان لەخاکی کوردستاندا دەژین دیاری بکات ،لە پێناوی ئەم مەبەستەدا لیژنەیەك لە ئینگلیزوئیتالی وئێرانی وکوردێك ئەنێرێت بۆناوچەکە، ئەم لیژنەیە بڕیار لەسەر گۆڕانکاری لەسەر سنوری تورکیا دەدات، ئەگەر پێویستیشی کرد بەپێ ی بەندەکانی پەیماننامە ئەوا سنوری نێوان تورکیاو ئێران دەکات.

ماددەی 63: دەوڵەتی عوسمانی پەیمان دەدات بەپێی بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو کە لەبەندی (63)دا هاتووە دوو لیژنە ئامادەبکات و لەماوەی 90 ڕۆژدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارانە بڕیاری پێویست جێ بەجێ بکات.

ماددەی 64: ئەگەر گەلی کورد لەوناوچەیەی کەلەو ناوچەیەی بەندی(62)دا هاتووە لەماوەی ساڵێکدا ڕووی کردە کۆمەڵەی نەتەوەکان وزۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان کرد لەتورکیا، ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان زانیان ئەم گەلە شایانی ئەم سەربەخۆییەن ئەوا کۆمەڵەی نەتەوەکان ئامۆژگاری تورکیا دەکات بۆ ئەم مەبەستە تورکیاش ئەم ئامۆژگاریانە جێ بەجێ بکات ،بەوەی وازدەهێنێ لەهەموو مافەکانی خۆی لەوناوچانە کە ئەم پەیمانامە دەیگرێتەوە، ئەگەر ئەم وازهێنانەش لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ کرا ئەوا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ تەگەرەیەك ناخەنە بەردەم ئەو ڕێگایەی کەدەبێتە هۆی یەککگرتنی ئەودەوڵەتە کوردییە سەربەخۆییە لە گەڵ ئەوکوردانەی لەویلایەتی موسڵیشدا دەژین.

هۆکاری شکستی پەیمانی سیڤەر

کەسێك لەوانەی کە دژی پەیمانی سیڤەر بوو، خودی کەمال ئەتاتورک بوو، چونکە لە چەندین شوێندا ئاماژەی بەوە کردووە کە پەیمانی سیڤەر دژی خواستەکانی سەرانی تورکیان و هیچ کاتێك لەگەڵ خواستەکانی ئەوان یەکناگرێتەوە. پەیمانی سیڤەر پەیمانێکی ئاشتیانە بوو لەنێوان عوسمانییەکان و سوێندخۆرەکان بوو، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسترابوو. هەربۆیە کەمال ئەتاتورك دامەزرێنەری کۆماری تورکیا لە گوتەیەکی بەناوبانگیدا سەبارەت بە سیڤەر دەڵێت" ئەم پەیمانە بە زیانی ئێمە تەواو دەبێت چونکە زەوی و زارێکی زۆرمان داگیر کردووە لەکاتی شەردا لەدەستمان دەچێت." لەچەند خاڵێکدا ڕوون دەبێتەوە کە چۆن چۆنی پەیمانی سیڤەر شکستی هێناوە:-

1- فەرەنسا و ئیتاڵیا پێشتر هەردووکیان لەسیڤەردا بەشدار بوون بەڵام دواتر دووڕێکەوتن لەگەڵ کەمالیەکاندا دەبەستن واز لە کۆمەڵێك مافی خۆیان دەهێنن لەناوچەکەدا، بەهەمان شێوەی ئەم ڕێکەوتنە وای لە بەریتانیا کرد سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانێت دۆستەکانی خۆی لەدەست نەچێت .

2- ئەرمەنەکان هۆکارێکی دیکەی شکستەکە بوو، چونکە ئەوەی لەپەیمانەکەدا هاتبوو سەبارەتی بەبەڵێن دان بەدروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی ئەرمەنییەکانی ترساند وە ئەمەیان بە دژی بەڵێنەکانی خۆیان دەزانی کەپێیان درابوو ،هەربۆیە دژایەتیەکی یەکجار زۆریان بۆ سیڤەر هەبوو. ئەمەو جگەلەوەی بەریتانیاو فەرەنسیەکان کێشەی ئەوەیان هەبوو کەدانانی مەلیك فەیسەڵ بۆ مەلیکی عێراق کە ئەمەش هۆکارێکی ناڕاستەخۆبوو لە دوورکەوتنەوەیان لەیەکتری وسەرنەگرتنی ئەم پەیماننامە.

3- سەرۆك وەزیرانی نوێ لەیۆناندا کە هەوڵیدا لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەڵدایەوە و پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتی دەکرد.
4- گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا کە لەسەرتاوە پشتگیری لەمافەکانی کورد دەکات بەڵام دواتر وازی لێ دەهێنێت.
5- بەهێزبوونی کەمالیەکان بوو ، ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە کەمالییەکان و (عیسمەت ئینونوی)سەرکردەی کەمالیەکان بەدەستیان هێنا، چونکە کەمالیەکان هەر لەسەرەتاوە دژایەتی ئەم پەیمانەیان دەکرد.

## کۆنگرەی لۆزان و بەشداربووانی کۆنگرەکە

لە کۆتایی ساڵی 1922 کۆنگرەی لۆزان لە سویسرا دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد، گروپێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی خۆیان بۆ ئامادە کرد. لەوانەش بەریتانیا، فەرەنسا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، یۆنان ، رۆمانیا. چەند وڵاتێکی دیکەش لە چوارچێوەی وڵاتانی یەکێتی سۆڤێت بەشداریان لەم کۆنگرەیە کرد. بە تایبەتی جۆرجیا و بولگاریا و ئۆکرانیا.
لە تورکیاش هەریەك لە عیسمەت ئینۆنۆ حوسێن ڕەئوف یوسف کەمال کە وەزیری دەرەوە بوو، بەشداریان کرد، بەڵام عیسمەت ئینۆنۆ کە وەزیری بەرگری تورکیا بوو، سەرکردایەتی وەفدی تورکیای دەکرد. لەم کۆنگرەیەدا وەفدەکەی تورکیا جەختیان چەندین شت دەکردەوە بە تایبەتی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر، ئەوەی زۆرترین قسەی لەبارەیەوە کرا. تورکیا دەیانەویست بزانن کێشەی زەویەکانی دەوڵەتی تورکیا و داهاتووی ئەم وڵاتە چییە، هەروەها ئابوریی وڵاتەکەیان پاشان بارودۆخی کەمە نەتەوەییەکانی ناوتورکیا چیان بەسەر دێت؟.
ئەم کۆبوونەوەی تاوەکو مانگی شوباتی 1923 بەردەوام بوو، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی گرنگی نەبوو. تاوەکو تورکەکان لە مانگی نیسانی 1923 100 لاپەڕەیان ئامادە کرد، توانیان زۆرترین دەستکەوت بۆ خۆیان بەجێ بهێنن. لە مانگی تەمموزدا گەیشتنە ڕێکەوتن. ئەوەبوو دواتر بە ڕەزامەندی ئەتاتورك لە 24ی تەمموزی 1923 پەیماننامەی لۆزان مۆرکرا. و یەکەمیان کاریان دیاریکردنی سنووری جوگرافی وڵاتی تورکیا بوو. کۆماری تورکیا لە لایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە وەکو کۆمارێکی مۆدێرنی سکۆلار دانیپێدانرا. چەند دەستکەوتێکی تورکیا لە پەیماننامەی لۆزان:-
1- لەسەر خاکی تورکیا، هیچ دەوڵەتێکی کوردی و ئەرمەنی درووست ناکرێت، بۆ ئەو کارەش وڵاتانی زلهێز پشتیوانی لەسەرکووتکردنی هەر هەوڵێکی لەو جۆرە دەکەن.
2-تورکیا هیچ زیانێکی جەنگی بۆ وڵاتان قەرەبوو نەکردەوە.
3- نزیکی 18 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ویلایەتی ئەسکەندەرونە لە لایەن فەرەنساوە بەخشرایە تورکیا.
4-باکوری کوردستان خرایە سەر تورکیا
5-تورکیا بووە سەرپەرشتیاری هەموو گەرووە ئاوییەکانی سنوورەکە.

## چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لە پەیماننامەی لۆزاندا

لەم کۆنگرەیەدا عیسمەت ئینونوی سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك نوێنەری تورکیا و (لۆرد کرزن)سیاسەتمەداری ئینگلیز وەك نوێنەری بەریتانیا لەسەر مەسەلەی ناوچەی موسڵ کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژخایەن، دوای چەندین دانیشتن گەیشتنەچەند خاڵێك لەوانەی:
ماددەی37: حکومەتی تورکیا مافی هەیە بڕیار دەربکات کە دەگونجێت لەگەڵ بڕیارەکانیدا.
ماددەی 38: حکومەتی تورکیا بە ڵێن بە دانیشتوانی تورکیا دەدات کە بەرگری لەماف وسامان وسەرپەرشتیان بکات بەبێ جیاوازی ( ڕەگەز و زمان و ئایین).
ماددەی 39 : حکومەتی تورکیا هیچ کۆسپێك ناخاتە بەردەم کەس کە لەژێر چاودێری تورکیادان ،هەروەها ئازادن بەزمانی خۆیان بازرگانی ورۆژنامەگەری وخواپەرستی وچاپەمەنی و هەموو چالاکی سیاسی خۆیان بکەن.
دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پاش سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لە دژی کورد سیاسەتێکی هاوبەشیان لە دژی کورد گرتەبەر و دەستیانکرد بە جینۆسایدی ئابوری و فەرهەنگی و رەگەزی و تاڵانکردنی کانزاو بەرو بوومی کوردستان و دەرکردنی کورد لە سەر زێدی باو باپیرانیان، بە نیازی ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە نیو زمان و نەتەوەی خۆیاندا بتوێننەوەو ناوی کوردستانیش لە سەر نەخشەی جوگرافی جیهان بسڕنەوە.
پەیڕەوکردنی ئەو پلانەی کە لە پەیمانی لۆزاندا هاتبوو لە ئاکامدا بە درێژی کات کاریگەری سامناکی بۆ سەر کورد بەدواوە بوو، دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە پاش لۆزان دەستیان کرد بە توندکردن و بەستنی سنورەکانیان و بەدەیان و سەدان هەزار خزم و بنەماڵە لە یەکدی دابڕان. لە سایەی پەیمانی لۆزاندا، لە سوریاو تورکیا حاشا لە بوونی کورد وەك نەتەوەیەك کراو لە عێراقیش سیایەتی تەعریب و بنەبڕکردن و ئەنفال و جینۆساید کردنی گەلی کورد هەمیشە لە ئارادا بوو، لە ئێرانیش هەر لە دەسەڵاتی رەزا شاوەو دامەزراندنی دەوڵەتی فارسەوە هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ناوی کوردستانیان لە سەریان لابراو تەنها چەند شارو شارۆچکەیەکیان ناونا کوردستان.
هەرلە سایەی پەیمانی لۆزانەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان لە رووی ئابووری و گەشەی پیشەسازییەوە بەردەوام پێشیان لە رەوتی گەشەسەندنی ئاسایی وسروشتی گرتووەو، داهاتی نەوت و کانزاو سامانی کوردستان لەماوەی ئەو هەشتا نەوت ساڵەدا کەلە هەزاران ملیۆن دۆلار تێپەر ڕدەکات لە پێناوی پێشخستنی ئابووری و پیشەسازی خۆیاندا دەستەبەر کرد.
بەدەیان و سەدان کوردیش بەهۆی بێکاری و نەبوونی بژێویی وەك هێزی کار، رویان کردە ناوچەکانی ئەوان و بەنرخێکی کەم کاریان پێکراوە.

## راپەڕینی کوردان دوای لۆزان

لەدوای پەیمانی لۆزانەوە راپەڕینی کوردان لە نێوان ساڵانی 1918 تا 1938 لە باشورو باکورو کوردستانی خۆرهەڵات، بۆ وەدەست هێنانەوەی مافی زەوتکراوی خۆیان لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بە درِندانەترین شێوە بەرپەرچ درانەوە. دەوڵەتە زلهێزە داگیرکەرەکانیش بە مەبەستی هاوکاری کردن لە ئەو دەوڵەتانە راستە خۆو ناراستەو خۆ پشتگیری سەربازیی و لۆجستییان پێشکەش دەکردن. پشتیوانی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی ستالین لە تورکیاو، دژایەتیی کردنی شۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیران و رووخانی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحمود) بە هاوبەشیکردنی سوپای عەرەب و ئینگلیز، هەروەها رووخانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محمەد، لە لایەن سوپای ئێران و پشتیوانیکردنی ئەمریکا و ئینگلیز لە رژێمی حەمە رەزا شا، چەند نمونەیەکی ئەو گەلەکۆمە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەن کە دەرهەق بە گەلی کورد، لە دوای بەستنی پەیمانی لۆزان ئەنجام دران.
لەسایەی پەیمانی لۆزاندا بوو کوژرانی زیاتر لە ملیۆنێك کورد لە راپەڕینەکانی شێخ سەعید و ئیحسان نووری پاشاو سەید رەزای دێرسیم و راگواستنی ملیۆن و نیویێك کورد لە باکور بۆ ناوچە تورکنشینەکان و لە ناوچونی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سور لە لایەن سۆڤێتەوە و بڵاوەپێکردنی دانیشتوانەکەی بەناو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤێتدا دا و هێرشی سەربازیی بۆ سەر باشوری کوردستان و رووخانی حکومەتەکەی مەلیك مەحمود و وێرانکردنی پێنج هەزار گوند لە باشورو کیماباران کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و ئەنفال کردنی گەلی کورد لەلایەن رژێمی سەدامەوە و روخانی کۆماری مهاباد و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و سەدان رۆڵەی گەلی کورد لە کوردستانی باشورو دەرکردنی فتوای جیهاد لە دژی کوردو هەموو ئەو کوشت و بڕو ماڵوێرانییەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە سەر کورد هاتن هەمووی لە سایەی پەیمانی نەگریسی لۆزانەوە بوو، هەر بۆیە پەیمانی لۆزان بە سەرەتاو سەرچاوەی هەموو بێبەختی و نەهامەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتنێکی کورد لە کاروانی سەرفرازیو پێشکەوتن دادەنرێت.
رێکەوتننامەی ( لۆزان ) سەرەتای قۆناغێکی نوێی چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی بوو ، سەرچاوەی شەرعییەتدان بوو بەو هەموو کوێرەوەری و نەهامەتیانەی تا ئەمڕۆش پرسە نەتەوایەتییەکە و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن . بۆیە ئەم رێکەوتننامەیە لەمێژووی نوێی نەتەوەکەماندا وەك خاڵێك و پەڵەیەکی رەش و کاریگەریەکی نەرێیانە سەیریدەکرێت لە سەردەمی ئێستادا کورد و رێکخراوە سیاسیەکان دەبێ خوێندنەوەیەکی لۆژیکییان بۆ پرسی کورد هەبێ و بتوانن بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی و بە گوتارێکی هاوبەش پرسی کورد وەك نەتەوەیەکی گەورە لە خۆرهەڵاتی ناوەراست بکەنە پرسێکی جیهانی و سەرەنج و پشتیوانیی زڵهێزەکان بۆلای ئەم پرسە رابکێشن و بە یەکخستنی نێوماڵی کوردی دەرەتان بە دەسەڵاتداران و نەیارانی کورد نەدەن کە کەلێن بخەنە نێو ریزەکانی نەتەوەی کوردەوە.

سایتی زەمەن

## مقەر/بارەگا

خانوویەکی ڕەق و تەق و ڕەش داگیرساو ،لەکەناری دێیەکی دڵتەرەوە،گوێسوانەکانی وەکو پەراسووی برسیەکان لەلا قەبرخەی هاتونەتە دەر ،زۆپایەکی پڕ ژیلەمۆ بەدووکەڵێکی شێوە سەرابی بەرەو ئاسمان هەڵچوو،باگردێنێکی گێژ ئەوەندە خولی خواردووە وبانیان پێ گێراوە گێژ بووە ، بۆنی دەستی هەموو پێشمەرگەکانی لێدێ .هەیوانێکی درێژ کۆلە و تەنورێکی ڕەش ڕەش دڵ گەرم و چوار دەور ئارداوی و لاتەنیشت پڕ پڕ لەکولێرەی گەرم ،دوو سێپای ڕەش هێندەی ساوەرو نیسکێنەو برنجی سوورو فاسۆلیا لەسەر لێنراوە ،تەنیشتەکانی بەشی چێشتێکی لێ ئەدۆزرێتەوە، ژوورێکی نیوە تاریک و دڵگەش هەموو قەدی دیوارەکانی بزمارو مێخی لەسەر داکوتراوە تفەنگ و گوولەئاربیجی پیا هەڵواسراوە ، ناو بەناویش وێنەی چەند شەهیدێک و لەسوچێکەوە چرایەکی بلوور شکاو نیوە پڕ لەنەوت پڵیتە ڕەش بوو لەتێ گوێزانیشی لەسەرە ،ئاوێنەیەک بەلاتەنیشتیەوە بۆ تیشکدانەوە بەڵام ئەوەندەی تۆز لەسەر نیشتووە خۆی ئاگری چراکە نابینێ.

لەقەراخی ژوورەکە چەند بەتانی لوول کراو تاقم و تفەنگیان لەسەر داناوە هەرکەس لەشوێنی خۆی.تفەنگێکی لێ هەڵپەسارددووە.

ژوورە ڕەق و تەقە ڕەش داگیرساوەکە پڕە لە فریشتەی سپی دڵ سووری پڕ لەقوڵپی خەبات پڕ لە پێشمەرگە ،دووان باسی دوابین شەڕ دەکەن ،سێیانی تر باسی دوا ڕۆژوو بەیەک گەیشتنیان لەگەڵ دڵدارەکانیان ،دوانی تر بەکتێبەوە سەرقاڵن جار جارێک هاوارێکیان لێ بەرز ئەبێتەوە هێواش هێواش با تێبگەین لەخوێندنەوەکەمان.

لە هەیوانیش خەفەرێک و نانەوایەکی ڕیشنی ئارداوی بەرادیۆیەکی شەق و شڕی تەشویشاوی و خشەخشکەر گۆرانیەکیان کردۆتەوە خۆشیان بەدەم ئیشەوە ئەیڵێنەوە

لەبەردەم مقەر کۆمەڵ کۆمەڵ پێشمەرگە وەستاون دوان بەدەم گاڵتەوە پێئەکەنن دوانی تر سرتە سرتێتیانە ،

دوانیش دەست بەریشیاندا دێنن و جار جار چاویان ئەسرن ....

ئاخر پێش تۆزێک چەند پارچە کاغەزێک کەبەدەم باوە ئەهاتن و ئەچون ،خشە خشیان بە پەراسوەکانی خۆیان ئەکرد ،نەیانئەویست باکە بیانبات بۆ غووربەت لەودەڤەرە دووریان خاتەوە ،ئەو بۆنی هەموو پێشمەرگەکانی لێئەهات هەموو بەدەستیانەوە گرتبوو بۆ ماوەی سەعاتێک هەریەکێکیان لەگیرفانی نابوو،سرتەی تەپەی دڵی هەموویانی لابوو ، لەدەستییان گرتبوو،ڕەنگی جاوی هەموویانی لەبەر بوو ،لایتەکەی دەستی هەموویانی ئەناسییەوە .........ئەوە ئەو پارچە کاغەزە بوو ناوی هەموویانی لەسەر بوو ،پسووڵەی پاسەوانی .

ئەوە ئەو پسووڵەی پاسەوانییەی ئەو چەند ڕۆژە بوو ،کەناوی دوو پێشمەرگەی تیابوو دوو شەو پێش ئەوە لەهێرشێکی مەردانەیا گەشمردە بوون نەهاتنەوە ،نەپسووڵە ئەیویست بروا نەباکە دڵی دەهات بیبات هێنانی و کردینیە کۆشی ئەو دوو هاوڕێ چاو بەفرمێسکە کە لە سوچێکدا دانیشتبوون .

مقەر خانوویەک بۆنی گۆرەوی عارەقاوی و چڵکی لەش و بۆنی هەناسەی سی چل گەنجی ڕیشاوی و نانی گەرم و فاسۆلیاو ساوەرو پڕ لەدەنگە دەنگ و دەنگدانی نیوەشەو ڕەوتی بەرەو مەفرەزە چوون تێکەڵ ببوو ،بەڵام پڕ بوو لەهیواو مانگە شەو و ئەستێرەو ڕۆژ ڕووناکی ئەگەر بڵێم ئەو ژوورە تاریکە بوو کەمانگ و ڕۆژی لێ هەڵهات .

**ڕزگارەسوور**



## ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

نەمر گەشمردە عەزیزی حاجی جەلالی کەناروێ ،ناسراو بە عەزیز کەناروێی بالایەکی مام ناوەندی تۆکمە چاوەکانی ڕەش و توکن ،برۆکانی ئەتگوت جوتێ ریشۆڵەی سەر دارتێلەکانی کەناروێن بۆ ناو باخەکانی دوور ئەڕوانن ،کاکۆڵی ئاڵۆسکاو ،هەستی هەمیشە ئەتگوت تفەنگەکەی شانێتی لەسەر پێو ئامادە ،پێدەچوو خوا بۆ پێشمەرگایەتی خولقاندبی ،کە لەسەنگەرەوێکدا دا دەنرا بیری ئەچوو هەستێت سەنگەرەکە بڕۆیشتایە ئەم نەدەڕۆیشت،جارێک هێرش بوو بۆ قوتەی وەراز لەکارێزەوە ئەمان کەرتی یەکی تیپی ٣٧ بەشاخەکەوە بوون ،عەزیز وەک زۆر جار بی کەی سیەکەی پێبوو .

لەشکرێکی زۆر لە سەربازو جاش و تۆپ بارانی بەردەوام و هەمیشە چەندین کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەوە بۆ پاڵپشتی هێزەکەو بۆردومان کردن ،هێرش لەدوای هێرش هێزەکەی دوژمن دەشکا ،ئێمە لەگاپیلۆن بوین دوور بەدوور لەشەڕەکەمان ئەڕوانی ،بی کەی سی یەک بە کێوی وەرازەوە لەو ئاگر بارانەدا بەبەردەوام تەپڵی لێدەدا بەتەپڵ تەقەی ئەکرد زۆر بێ باک بوو ،کابرایەکی شۆفێر لەلامانەوە وەستا تۆیۆتایەکی پێبوو لەکارێزەوە هاتبوو ،هەڵیدایێ ووتی بەشەرەفم بەگوێی خۆم گوێم لێبووە یەکێ لەسەرۆک جاشەکان لەکارێزە وتویەتی بەقوربانی ئەو دەست و پەنجەو پەلەپیتکەیت بم کاکی بی کەسی بەدەست ئەزانم تەقە لەخۆم ئەکەی بەس بەو خوایە ڕێم شک ببردایە ئێستا سندوقێ فیشەکم بۆ ئەهێنای ،ئەو کاکی بی کەی سی بەدەستە کاکە عەزیز بوو.

کاکە عەزیز لەساڵی ١٩٦٤ لەکەناروێ لەدایک بووە ،دوایی دەستی ڕەنجی ناو ڕەزو باخەکانی کەناروێ بووە هەناسەی هەمیشە بۆنی عەترو گوڵاوی لێئەهات ، ئارەزوەکانی وەکو کەنێرەی بناری گمۆ هەڵئەچون ،ڕۆحی بەبەفراو ڕنووە بەفر ئاشنا بوو .

کاکە عەزیز چونکە دێکەیان ڕێی پێشمەرگە بووەو چەندین شێرەپیاوی وەکو شەهید محەمەدو نەمر کاکە تالیب و کاروان و نەریمان ،،، هتد تیابووەو قەد ڕێگای ڕێبوارانی ڕێگای خۆری خاڵی نەبووە ،ئەمیش بەورێکی بەهەڵمەتی ئەو ڕێگەیە بووە


هەر لەسەرەتایی هەشتاکان پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتی دوایش هەر زوو پەیوەندی کردووە بە هێزەکانی پێشمەرگەوەو لەساڵی ١٩٨٣،سەرەتا لەتیپی ٣١ پێنجوێن /سلێمانی/ و لەکەرتی ٣ سێ و دوایش لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر بووە بە پێشمەرگەو بی کەی سی یە دەنگ خۆشەکەی کەرتی یەک لەناوچەکانی شارباژێری سەخت و تەخت و ناوچەی ئالان و سیوەیل پێشمەرگە بووە ،لەزۆری شەڕە گەورەکانی ئەو ناوچەیەدا شوێن دەستی دیار بووە ، لەبەندەنی واژەو شاخی کەتو سەرکەندو برزو بالۆسەو وەرازو کورەداوێ و کونجرین و کەنارێ و چوارتاو ...هتد دەوری قارەمانانەی بینیووە ، تا کۆتا جار لەڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٤/٣٦ ڕۆژێک لەگەڵ نەمر جەلال شارەزووری دەچن بۆ کارێک لەشانەخسی ویستبویان ماڵەکەی جەلال بگوێزنەوە کە لەبەر هێرشی فرۆکەو تۆپ باران و کیمیاوی باری ناوچەکە تێکچوبو زۆری پێشمەرگە خێزان دارەکان هاوسەرەکانیان لەوێ نەمابو ،چونکە ناوچەکە ببووە مەیدانی جەنگی ئێران و عێراق بێ سەرو بەرەیی ئەمانیش لەسەر ڕێ دەبن فرۆکە جەنگی یەکان بۆمبارانی شانەخسێ و مەرویان کردووە زۆر بەداخەوە هەریەک لەکاکە عەزیزو کاکە جەلال گەشمردە بوون یادو یادەوەری یان بەخێر ڕەوانیان شاد/ڕزگارەسوور










# بەیادی جاران!
## چوارتا شارە جوانەکەم..

سپیدەی بەیانیەکی پایزی بوو چەندگرمە وناڵەیەك چوارتای هەژاند،گەڵا زەردەکانی درەختەکان چەپک.چەپک کەوتنە سەر زەوی.!
یادێکی ئەرخەوانی مێژووی شارە جوانەکەم چوارتا!
بەیادی ئەوشەوەی لە ویژدانی شارکەمدا بووەبە ملوانکەیەکی مرواری و کراوە بە گەردنی بەرزی سەرقەڵات وچنارە گەورەدا.!
چا لاکیەکی هاوبەشی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو پێشمەرگەکانی کەرتی(1) هەرێمی(3)
ئەوکات شەهیدی نەمر علی چوارتای فەرماندەی کەرتی (1)هەرێمی(3) شارباژێر بوو..
کۆتای مانگی (10) ساڵی1978بوو
سەرەتایی هەڵوەرینی گەڵازەردەکانی چنارە گەورە بوو،گەڵاڕۆح زەردەکان هێواش هێواش.بەگەردنی بەرزی چنارە گەورەدا دەکەووتنە سەر زەوی و دەبوون بەمیوانی چاو.و. هەناوی عاشقەکانی شار..
شەوێکی ئارام و خاموش بوو،خەڵکی شارەکەم دوای ئەوەی جەستەو ڕۆحیان پشویان داو خەو بردینی بۆجیهانە بەهەشتیەکەی..
دوو هاوڕێی کۆمەڵە.لەڕێکخستنەکانی چوارتا لەماڵ هاتنە دەر.جامەدانیەکانیان لەڕووخساریان پێچا .هێواش،هێواش کەووتنەڕێ بۆ شووێنی مەبەست.شاریش.ئارام وخامۆش بوو!
ئەمان هێواش.دەڕۆیشتن وجار جاریش.دەوەستان زیتەڵاو وریا بوون.بەناو کووچەو کۆڵانەکانی چوارتادا کەووتنە ڕێ.گەیشتنە گەرەکی شاخی.چاوەکانیان لەچاوەکانی بازەکان تیژتربوون،خشەیەک یان دەنگێک بهاتایە ئەمانی ووریا دەکردەوە،شەوی شار کش ومات بوو.. هەرئەمان بێدار بوون،
ئەم دوو هاوڕیە خەمی خاك ونەتەوەیان لەدڵدابوو دەیان وویست بمران بۆخاک بۆ ژیان..لەم شەوەدا مردن میوایان بوو بەڵام ئەم جووتە باکیان لەمەرگ وگرتن نەبوو .هێواش..هێواش دەڕۆیشتن جار،جار وەرەی سەگێك یان کەووتنە خوارەوەی گەڵای داریك دەی وەستانن،ترس هیچ نەبوولایان..
دواجار گەیشتنە کۆتایی چوارتا..بەناو شەوە زەنگدا تێ پەڕین و لەبن تاشە بەردیکی گەورەدا وەستان شووینی کۆتایان بەردی قەڵێ بوو ئەوا مەزڵگەیان بوو..
ئەوو.دووکەسە کێ بوون؟
شەهید حەمەامین چوارتای .لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەچوارتاو..حاجی ئاراس بوو یەکێك بوولەڕێکخستنە چالاکەکانی کۆمەڵە!
لەچیاو دووندە بەرزەکان و زنویرەکانی شاخیشەوە،بەناوڕێچکەیەکی تاریك وپڕ مەترسی دا. پێشمەرگەکانی یەکێتی کەرتی (1) هەرێمی (3) بەفەرماندەی شەهیدی نەمر علی چوارتای کەوتنەڕێ بۆ شارەکەم چوارتا.
دوای ماندوو بوونێکی زۆر.و. ڕۆیشتن بەناو تاریکی شەودا،لەدامینی شاخی بەردی قەڵێدا..هەردووک لابەیەک گەیشتن.
شەویکی پڕ شکۆبوو، بۆمێژووی شاخ وچوارتایی ڕازاوە.
عاشقانی شارو شاخ بەیەك گەیشتن لە وشەوە تاریك وپڕ مەترسیەدا،یەکتریان ماچ باران کرد جەستە و ڕۆحەکان پشوویان داو دوای نەخشەی هێرش بۆ دووژمن دیاری کرا.
شەهیدی نەمر شارەزایەکی باشی هەبوو،لەدانانی صاروخی ئاراستە کراو بۆ دووژمن..(3 )صاروخی ئاراستە کارو دانرا..
1دانەیان بۆ ڕەبایەکەی ماڵی قایمقام..
2دانەیان بۆ سەربازگەکەی چوارتا..
دوای ماندوو بوونیکی زۆری شەهید علی چوارتای وهاوڕێکانی لە چالاکیەکە تەواوبوون.
یەك قومبەلەی تەوقیت کراوی دا..بەشەهید حەمەامین وحاجی ئاراس کە دای بنێن بۆ سەیارەکەی احمدی مام ڕەش کەتووێتایەکی فەلاحی بوو.
شەهیدعلی و هاوڕێکانی چالاکیەکەیان تەواو کردوو،جاریکی تر لەگەڵ شەهید حەمە امین و حاجی ئاراس یەکتریان ماچ کرد،ئەوان گەڕانەوە بۆچیا سەر بڵندەکان..



دوو ڕێکخستنەکەی شاریش زۆرئارام و لەسەر خۆ گەڕانەوە بۆگەڕەکی شاخی و دوای چوونە بەردەمی ماڵی احمدی مام ڕەش و قوومبەلە تەوقیت کراوەکەیان بەسەیارەکەیا داچەسپاند.قومبەلەکە مقناتیسم بوو..دوای گەڕانەوەبۆ ماڵەوە.
دایکی کۆچکردووم..ووتی: حەمەامین.بەمشەوە لەکوێ بوون؟
شەهید ووتی: ئیشی خۆمان هەبوو.حاجی ئاراس وشەهید نووستن خەوێکی شیرین بوو بەمیوانی ڕۆح وجەستەیان
کات ژمێرا 5)بەیانی یەکەم گرمە و ناڵە شاری هەژاند.
خەڵکی چوارتا شاهیدن..ئەوانەی لەسەربان یان لەژوورەوە نووست بوون بەئاگاهاتن.شەهید حەمەامین و حاجی ئاراس بەئاگا هاتن..
چاوەڕێ بوون سەعات( 6) سەیارەکەی احمدی مام ڕەش بچێت بەئاسماند،بەڵام نەتەقی لەبیرمە شەهید .ووتی: دەچم قومبەلەکە دەهێنمەوە بەڵام حاجی ئاراس ووتی: هەڵەیە نەچیت.دواجار شەهید..کڵاو جامدانیەکەی هەڵگرتوو.چوو قومبەلەکی هێنایەوە.وایەری سەعاتە کەی پچڕاند،دوایش صاروخەکانی ترتەقینەوە.. دوای سەربازەکانی دوژمن ڕژانە ناو کووچە وکۆڵانەکانی بەری ناودێ و خەڵکیکی زوریان برد بۆ لای مالی قایمقام.!
ئازاریکی زۆری خەڵکیان داو...بەڵام وورەی خەڵک لەهەرەشەکانی کانی دووژمن بەهێز تر بوو ئەم چالاکیە دڵی شاری خۆش کردوو دووژمنی شۆك کرد
.دوای ئەوەی 20/ 11/ ساڵی1979 شەهید حەمەامین و حاجی ئاراس بوون..بەپێشمەرگە.ئە وقومبەلە و لوخمێکی شەخسی وهەندێک فیشەك و بڵاو کراوەی کۆمەڵەم دا.کاوەی شێخ محسین..ناسراوە بەمامە خولەکەئە وکات ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو زۆرچالاك و ئازا بوو..ئێستا ئەفسەرە.لەهێزەکانی (70)
حاجی ئاراس خانەنشینی سەربازیە..یەکێکە لەسەربازە.وونەکانی ڕۆژە سەختەکانی ناو شاری چوارتا..
دوای ئاش بەتاڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەشاری چوارتا..دەورێکی گرنگیان بینی بۆ ووشیار کردنەوەی گەنجان ولاوان لەچوارتا..دەیان گەنج ولاویان کرد بەکۆمەڵە دوای بوون بەپێشمەرگەو چوونە شاخ.
پیاو خراپ ونۆکەرەکانیان لەشاری چوارتادا زور کەم بوون..ئەویش دەگەڕێتەوەبۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.ڕۆحی شەهید علی چوارتای و شەهید حەمەامین شادبێت هەزار چەپکەگوڵ بۆ ڕێکخستنە دیرینەکانی شاری چوارتا.
بۆهاوڕێ خۆشە ویستەکانم.هەربەڕێزیک زانیاری زیاتری هەیە یان من هەڵەیەکم کردووە.ڕاستی بکەنەوە..چوونکەئەوە مێژووی جوانی شارەکەم و خەباتی ڕۆژە سەختەکان وتیکۆشانی ڕۆڵەئازاکانی چوارتایە هیوادارم هەربەڕیزێک،ئاگادارە با زانیاری بنووسێت..
سڵاو خۆشەیستیم بۆڕێکخستنە دێرینەکانی شاری چوارتا.

حەمەعلی

# تەختە ڕەشێکی ژێر باران

سالانێکە ئەم تابلۆیە
بەدیواری بیری مندا هەڵواسراوە
وەکو نوسراوێکی کۆنی
سەرتەختەڕەشی بەرباران
هەر دەڕووشێ و
تادێ کاڵتردەبێتەوە
هەرچی هێڵی ڕاست و چەپە
بەسەریەکدا دەشکێتەوە
لەگۆشەی ڕاستی تابلۆکە بەسەرشۆستەی
شەقامێکی جەنجاڵەوە
ژنێک بەلەتێ ڕوخساری شێواوەوە
گوڵاڵە سوورە دەفرۆشێ
پیاوێک بەبێ سەر وەستاوە و
کڵاوەکەی بەدەستەوە و گوڵ دەکڕێ،
شاری نێو تابلۆکۆنەکە
شوێن پێی کاتێکی نادیاری
تێپەڕیوی هەڵگرتووە
شوێن پێیەک
لەشوێنەواری دڵۆپی باران دەچێ
هەروەکو پاشماوەی جەنگە
شار پڕە لە ماڵی نیوە ڕوخاو
ڕێستۆرانتی بێ پەنجەرەو
دەرگا ڕووشاو
باڵەخانەی بەرزی لەت بوو
قاوەخانەی بەبێ تابلۆ و ناوونیشان
مرۆڤ گەلێکیی نائاشنای
لەت و پەت بوو
جادە و شەقامی پڕ لەچاڵ!
ماتۆڕ سوارێکی وەستاوی
بێ دەنگ و بێ خەون و خەیاڵ،
هەرلەنێو ئەو  تابلۆیەدا
ژن و پیاوێکی ئاشنا هەن
بۆچەند هێشوە ترێیەک و
سەبەتەیەکی پڕ لە سێو
چەماونەوە،
دوو منداڵیش وەستاون بەرانبەریەک
بەقاقاوە پێدەکەنن!،
ساڵ لەدوای ساڵ ئەم تابلۆیە
هەتا کاڵتر دەبێتەوە
تێڕوانینم بۆ ڕابردوو قوڵ و
نوێتر دەبێتەوە!

مەهدی زریان








# نیشتمانێک تاپۆی حیزب و بەرپرسان

ڕەووف محەمەد ئالانی



خەونی ڕزگاری و ئازادی بۆ مرۆڤ ئاواتێکی گرنگ و لەپێشینەیە، بۆ مرۆڤی کورد ئەوخەونە گەورەترە، چونکە بەربەست و ڕێگریەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لەهەموو سەردەمەکاندا زۆر بوون، گەلی کوردیش سەنگەری خەبات و تێکۆشانی چۆڵنەکردووە و بەرگری لە مانەوەی خۆی کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش قوربانی زۆریی داوە.

لەمێژووی خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاری نیشتمانی گەلی کوردستاندا، هەمیشە ئەم گەلە چاوی لە ترۆپکی ئاسۆی ئازادی بووەو بۆ ئەو ئامانجەش هەزاران قوربانی بەخشیوە، بەمەبەستی گەیشتن بە ڕۆژی ڕوناکی سەربەستی و ئازادی، جارجارە کە خۆری ئازادی لەسەر خاکی کوردستان خۆی پەخشکردبێت، بەجوانترین شێواز لەلایەن خەڵکی تامەزرۆی ئازادی کوردەوە پێشوازی لێکراوە، نزیکترین نمونەش ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 بوو، تا هێزی پێشمەرگە دابەزین خەڵک کوردستانی لە دەسەڵاتی ستەمکاری بەعسی شۆڤینی پاککردەوە، ئیتر ڕاپەڕین و کۆڕەو و جارێکی تر ڕاپەڕین، تا ڕژێم ناچارکرا هەموو دامودەزگا فەرمیەکانی گواستەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی خۆی بەمەبەستی ناچارکردنی خەڵک بۆئەوەی بچنەوە ژێرڕکێفی بەعس، بەهۆی گیانی کوردپەروەرانە و هەستی بەرزی شۆڕشگێڕانەی خەڵک، ئەو خەونەی دوژمن نرایە گۆڕ.



لێرەدا وتەیەکی (بنیامین فرانکلین) دێتەوە بیرم کە دەڵێت: (لە کوێ ئازادی هەبێت، نیشتمان هەیە)کەواتە خەڵك لەپێناوی ئازادی لەنیشتماندا قوربانی داوە.

هێزە بەناو شۆڕشگێڕەکان بۆ بەردەوام بوون و مانەوەیان لەسەردادگیرکاری و قۆڕخکاری، وشەی (جاری حکومەتەکەمان ساوایە)یان بەکاردەهێنا، تا بووە نوکتەیەکی سەمەرەی سەرزاری هەموو خەڵک، ویست و ئامانجی شۆڕشگێڕە دەسەڵاتدارەکان خۆی لەخواستی تایبەت و خۆدەوڵەمەندکردن بینیەوە، حیزبەکان سەرەتا ڕێگەیان بۆخۆیان دۆزیەوە تا دەوڵەمەند بن، هەرچی ئامێر و ماکائین و بۆری و ئاسن و تەلی کارەبا و زۆری تریان ئاودیوی سنوورەکان کرد تا گەیشتە شۆفڵ و پردەکان شتی تر، ئەوە سەرەتای تاڵانی و وێرانکردنی کوردستان دەستی پێکرد، ئینجا کەوتنە تەخشان و دابەشکردنی زەوی بۆ خۆیان و کەسوکاریان، لەم چوارچێوەیەدا سەدان زەویان لەسەرخۆیان تاپۆکرد، دەستکاری جۆری زەوی و زاریان کرد، وەک زەوی کشتوکاڵی و بەردەڵان و لەوەڕگەو پاوانگە، هەموویان کردە باخ و ڤێلا بۆ خۆیان، سەرباری ئەو کارە دزێوانەی لەناو شارەکان کردیان، دەبوایە لەهەمووشتێکدا پشکی ئەوان پارێزراوبێت، وەک دووکان و چێشتخانەو کافێ و ئوتێل و بەنزینخانەو خەتی پاس و هەمووشتێک کە بچێتە بواری پارەو بازرگانیەوە.

هەندێ بازرگانی قەبە هەن ئەوانیان بۆخۆیان قۆرخکرد لە وانە(بازرگانی دەرمان، بازرگانی جگەرە، بازرگانی خواردنەوە کحولیەکان و... هتد) لەدوای ئەوانە هاتنە سەربازرگانی بەسووتەمەنی و دەرهێنانی نەوت و غاز بێگومان کەس بۆی نیە باسی ئەوانە بکات، ئەمانە خەریکی ئەو بازرگانی و خۆدەوڵەمەندکردنە بوون، لەولاشەوە مامۆستایان و فەرمانبەران کەلوپەلی ماڵەکانیان فرۆشت تا گەیشتە دەرهێنانی دەرگاوپەنجەرەی ماڵەکانیان، ئەوانیش زۆر بەچاوقایمی خۆیان هاتن و شەڕی خۆبەخۆیان هەڵگیرساند و نزیکی بیست هەزارکەس لەڕۆڵەی خەڵکیان دابەکوشت، دوای ئەوەش وتیان خەتای خەڵک بووە.




لەدوای ئەم هەموو کارەساتە نەیانتوانی دەسەڵاتێکی باش و جوان و ڕەشید دابمەزرێنن، لە دووئیدارەوە بەناو کردیانەوە بە یەک حکومەت، بەڵام هەر خراپتربو، ئەمجارە موچەی خەڵکیان بڕی و پاشەکەوتیان داهێنا.

خەڵکێک ئەم هەموو قوربانیەی دابێت، پێویستە بەرهەمەکەی بچنێتەوە، ئەگەر بەباشی و دادوەرانە مامەڵە بکرایە، هەر وەک(وینستن چەرچڵ، دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەدار و سەرۆک وەزیران (1874- 1965 )وتویەتی: (نیشتمان درەختێکی باشە و تەنها لە خاکی قوربانیدا دەڕوێت و بە ئارەقە و خوێن ئاو دەدرێت) لەمەوە دەردەکەوێت ئەمانە نیشتمانێکی باشیان نەویستوە، بەڵکو ئەوەیان ویستووە کە خۆیان مەبەستان بووە.

دوای سی و دووساڵ لە حوکمڕانی خۆماڵی کوردی، پێویستە هەمووتاکێکی وشیار ئەو پرسیارە لەخۆی بکات و بڵێ: کامەبووبەرهەمی خوێن و خەبات و قوربانی و ڕاپەڕین؟

ئێستا خەڵکی کوردستان هەژارو نەدارن و ئەوانیش خاوەنی هەموو شتێکن، جگە لە خەمی نیشتمان و بەهای بەرز و خزمەتکردن، وتەیەکی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) گونجاوە کەدەڵێ: (سامان و دەوڵەمەندی لەغوربەت و تاراوگەشدا بێت نیشتمانی خۆیەتی، بەڵام هەژاری و نەداری لەماڵەکەی خۆشتدا نامۆبوونە).

ئەوەی بۆ ئێستا بەرچاوودیارە، لەم هەرێمەدا دەیان و سەدان کۆمپانیای بەناو وەبەرهێنان، خەریکی وێرانکردنی زەوی و خاکی نیشتمانن بەمەبەستی دروستکردنی خانووشووقە و ڤێلا، بەڵام ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە خەڵکە هەژارەکەیە، بە بڕێکی زۆرئەیفرۆشنەوە بەخەڵک، زەویەکەش بەکەمترین نرخ ئەیاندرێتێ.

حکومەت بۆچی ئەوکارە بە کەسانیتر ئەسپێرێ؟ دیارە، چونکە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە هی دەسەڵاتدارانن و قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی خۆیان، ئەم حیزبانە کارێکیان نەکرد خەڵک لە پێویستیدا لەپێناوی نیشتمادا خۆی بکاتە قوربانی، کۆتایی ئەم وتارەم بە وتەیەکی (تۆماس کارلایل) دێنم کەدەڵێت: (خۆشە مرۆڤ لە پێناو نیشتمانەکەیدا بمرێت، بەڵام لەوە جوانترئەوەیە لە پێناو نیشتمانەکەیدا بژی).

# ئۆپەرێتی هاوڕێتی

## عوسمان دەروێش

پەردەی شانۆ لادەدرێت ، منداڵێک دەردەکەوێت ، لەسەر کورسیەک دانیشتووە و مێزێک لە پێشی و کورسیەکی دیکەش لە پەنایەوە دانراوە .
منداڵێکی دیکە دێتە ژوورەوە و دەڵێ ..

سڵاو هاوڕێی شرینم
زۆر دڵخۆشم دەتبینم

——

منداڵی دووەم
هەڵدەستێت و دەڵێ ...
سڵاو لە تۆش هاوڕێ گیان
منیش هەروام بێگومان

——

منداڵی یەکەم
...
من لەکاتی گفتوگۆ
زۆر شت فێربوومە لەتۆ
ژیری وەکو مامۆستای
هاوڕێییەکی بێ هاوتای
لەوکاتەوەی هاوڕێی تۆم
ڕێگە ڕۆشن دەکەیت بۆم

——

منداڵی دووەم دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێ ..
دڵنیابە تۆش هەر وای
بۆ سەر ڕێگەم وەک چرای
منیش لەتۆوە فێر بووم
کاتژمێر دەی شەو بنووم
کاتم بەفیرۆ نەدەم
کۆشش بکەم ، هەوڵ بدەم

——

منداڵی یەکەم
...
جل و بەرگ و جانتاکەم
گۆرەوی و پێڵاوەکەم
هەریەکەیم لە لایە
فڕێ دەدا بەوخوایە
ئامۆژگارییەکانی تۆ
هێناومێتیوە سەر خۆ
ئێستا پانتۆڵ و کراسم
لەجێی خۆی هەڵدەواسم
خۆم گۆرەوییەکەم دەشۆم
ناهێڵم کەس بیشوا بۆم
پێڵاویش جووت دادەنێم
تۆ فێرت کردم هاوڕێم

——

منداڵی دووەم
منداڵی دووەم
...
با من و تۆ هەمیشە
ئەمە بکەین بە پیشە
هەڵەی یەک ڕاستکەینەوە
بەبیر یەکی خەینەوە

——

منداڵی یەکەم
...
هاوڕێی ڕاستی ئاوهایە
هەم پشتە ، هەم پەنایە
ئێمەش هەتا دەمێنین
دڵی یەک نەڕەنجێنین

——

منداڵی دووەم
...
بریا هەموو هاوڕێکان
یەکیان خۆشدەویست بە گیان
شەڕ و جنێو نەمایە
گوڵیان بەیەک بدایە

——


منداڵی یەکەم
...
بریا


——

منداڵی دووەم
...
بریا

—— ئینجا یەک لە ئامێز دەگرن و پەردە دادەدرێتەوە .

کـــــۆتایی .





# چۆن ببینە هاوڕێی منداڵان لە قوتابخانەدا؟

## ئاســۆ ئیبراهیم

لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە جیهانی منداڵ لێوانلێوە لە جوانی و ڕەنگاڵەیی، دوورە لە ڕق و کینە و دوو بەرەکی.

ژینگە و خێزان دوو فاکتەری سەرەکین لە ژیانی هەموو منداڵێکدا، ئیدی منداڵ وابەستە دەبن بەو ژینگەیەی کە تیایدا ژیان دەکات و کاریگەری لەسەریان جێدەهێڵێت.

ئێمەی مامۆستایان کاتێک ئەو منداڵانە دێنە بەر دەستمان نموونەی پەڕەیەکی سپین و ئێمە دەتوانین بیانکەینە مرۆڤێکی میهرەبان وباوەڕ بەخۆبوو لە کۆمەڵگادا .

منداڵ هەمیشە کاریگەری مامۆستاکەی بەسەرییەوە دەبێت، جا کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت.

هەمووان دەتوانین زۆر بە سانایی مناڵەکان ئاوێتەی ڕۆحی خۆمان بکەین و خۆشەویستی و سۆز لە ڕۆحیاندا بچێنین.

کاتێک هەمیشە وەک هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و گوێیان بۆ بگرین و بیرو ڕاکانیان بە هەند وەربگرین و ڕێز لە کەسایەتیان بگرین و شکۆی بە مەزنی ڕابگرین، ئیدی سۆز و خۆشەویستی ئەو منداڵە هێدی هێدی بەرەو لای خۆمان ڕادەکێشین.

قوتابخانە باشترین فێرگەیە بۆ ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ڕەوشتی جوان و سەرنج ڕاکێش.

کاتێ ئێمەی مامۆستا ببینە هاوڕێیان و لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیان بین و ڕێز لە کەسایەتیان بگرین و دوور بکەوینە لە تووڕە بوون و سەرزەنشت کردنیان ، ئەوانیش باوەشی سۆز و موحیببەتمان زیاتر بۆ دەکەنەوە.

کەواتە با هەمووان هەنگاوی جدی بنێین و بە مانای ووشە مامۆستا بین بۆ چنینەوەی هەموو ئەو ڕەوشتە جوانانەی کە منالان پێویستیان پێیەتی، با خۆشەویستی منالانەکان بۆ خۆمان کێش بکەین، چونکە دواجار کۆمەڵگا دەکەوێتە دەستی ئەم ڕۆح جوانانە،


تا ئەوانیش هەمیشە خۆشەویستی ببەخشنەوەولەدواجاردا کۆمەڵگەیەکی خۆشنوود بەرهەم بێنین.



# پەیوەندیی نێوان ئەدەبیاتی منداڵان و پەروەردە

## سەردار قادر

حەز و خولیا و ناسینی جیهانەجوانەکەی منداڵان لای مامۆستا (عەلی حەمەڕەشید) لەسەرەتاوە بەشیعرو چیرۆکی پەروردەیی تایبەت بە منداڵان دەستییپێکرد. کاتێ کە شیعرە ناسک و جوانەکانی ئەم مامۆستا میهرەبانە دەخوێنینەوە، کەبەزمانێکی شیرین و پاراوی منداڵانە نوسراون وات لێدەکەن بیانکەی بە ئاوازو گۆرانی ڕۆژانە بەردەوام لەبەر خۆتەوە بیڵێیتەوە.
هاتن و لەدایک بونی شیعرەکانی (عەلی حەمەڕەشید) بۆ منداڵانی نەتەوەی بندەستی کورد، لەئان و ساتی خۆیدابوە شایانی باسە هەروەک چۆن هەمیشە دڵسۆزی قوتابی و قوتابخانەبووە ئاواش بەعەشقەوە کاری لەوبوارەداکردووە، بەئەمانەتەوەئەدەبیاتی منداڵانی خستووەتە خزمەتی پەروەردەو قوتابیانەوە گومانی تیانیە لای مامۆستا (عەلی) پەروەردەوئەدەبیاتی منداڵ دوانەیەکی لەیەک دانەبراون، ئەم شیعرە بەنمونە:



(وتەکانی مامۆستا)
هەر کە مامۆستا دەدوێ
بە وشەی شیرین شیرین
هێندە ئاسودە دەبم
دڵ پڕ لە هیوا بۆ ژین
وتەکانی مامۆستا
بەرەو ئامانجم دەبەن
بۆ ئەوەی سەرکەوتوبم
وزە و تینم پێدەدەن
بۆیە منیش کۆڵنادەم
کۆشش دەکەم بەردەوام
بە گورجی هەنگاودەنێم
لەسەر وتەی مامۆستام
بۆ گەیشتن بەئامانج
ماندووبونی زۆر دەوێ
هەر کەسێک ماندوو نەبێ
ئەستەمە کە سەرکەوێ.
هەروەک چۆن پەروەردە گرنگی بنەڕەتی و چارەنووسسازی خۆی هەیە. ئەدەبیاتیش بەهەمان شێوە، چونکە بمانەوێ نەمانەوێ مامۆستا (عەلی) و دەقەئەدەبییەکانی زایەڵەی دەنگێکی زۆڵاڵن لەناو مێژووی ئەدەبی منداڵاندا ئەم مرۆڤە بەجۆرێک لە ناو زمان و کلتور هەست و نەستی منداڵاندا ئاوێتە بووە کە خوێنەرو توێژەورانی بەئاگاو وشیار هەست بەم ڕاستییە جوانە دەکەن، کە پێمان دەڵێت نەتەوەی کوردیش وەک گەلانی تر خاوەنی ئەدەبی منداڵان و جیهانە جوانەکەی منداڵانن، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا یان بەهۆی کەمتەرخەمی، یان بەهۆی ناشارەزایی و بیرتەسکی، ئەدەب و هونەری منداڵانمان بەباشی نەناسیوە، یان فەرامۆشکراوە یان خۆیان بە دورگرتووە لەم ئەدەبە، ئەم خاوخلیچکییەش بەدرێژایی مێژوو لە پێش هەموو شتێک دا غەدربوە لە مێژووی ئەدەب و منداڵان، چونکە هەرلەمامۆستا زێوەرەوە تا مامۆستا (عەلی حەمەڕەشید) لەسەرتاسەری کوردستاندا، تەنیا ئەو مێژووە کەمەیە کەدەکاتە سەد ساڵ ئەمەش بە ئەدەبێکی هەژار هەژماردەکرێ لە ئێستادا.
ئەم شاعیرە هەست ناسکەی مناڵان کەزیاترلەچارەکەسەدەیەکە خزمەت بەو جیهانە جوانەدەکات، هەمیشە بە هەستیارییەوە لە کڵاوڕۆژنەی منداڵانەوە دەڕوانێ وبەمەش سۆز و هەستی خۆی لە ناو شیعردا جێ کردۆتەوە بۆ نمونە لەم شیعرەدا، ئەڵێ:



کێم خۆشدەوێ؟
من حەز دەکەم
هەموو ڕۆژێک
(بیرکاری) و (زانست) مان هەبێت
دەزانن بۆ؟
چونکە مامۆستا (ڕێبوار) و
مامۆستا (تارا) ڕووخۆشن
ئای کە هێمن و لەسەر خۆن
هەرگیز لێمان تورە نابن
بە خەندەوە لەگەڵ ئێمەی
بچوک دەدوێن
بۆیە ئێمەش وەکو چاومان
خۆشمان دەوێن



لەوکاتەوە ئەم شاعیرە خەون و ئەندێشەی منداڵانی کوردی لەگەڵ جوانیەکانی ژیانداهەست پێ کردوە ئیدی سەردەمی مناڵی خۆی و ئەو منداڵانەی کەبەرلەخۆی ژیاون بەیەک خەونی ڕەنگاڵەیەوەگرێداوە، ئێستاش بەسەری سپی و ڕوی خۆشەوە، بەردەوام شیعری ناسک دەکاتەدیاری بۆمناڵان. مناڵانیش ئەم بەرهەمە سروشتییە جوان و ناسکانەیان بەهەست و سۆزەوە لێ وەرگرتوە وەک هاوڕێیەکی بەوەفای خۆیان تەماشای دەکەن ئەم شاعیرەئازیزەی منداڵان هێندەمرۆڤێکی میهرەبان و دلۆڤانە بەردەوام لەژێرئاوازی منداڵاندا سەمادەکات و تەنانەت لەو ئان و ساتانەشدا کەسەرقاڵە بەژیانەوە هێشتا دڵی لای بزەو خەندەی منداڵە وبیرلە شیعرێکی نوێتر دەکاتەوە، ئەوبەردەوام بەئەزمونێکی جوانەوە دەزانێ شیعری مناڵان دەبێ وەک دڵی منداڵ ناسک بێت، بۆئەوەی گەورەساڵان فێرکات بەسۆزەوە خواستەکانیان لە بەر چاو بگرن وتا لە یادیان بێت کەجیهانی مناڵان تایبەتمەندی جیاوازی زمان ڕەوانی و دەروونی ئاشکرا لە خۆ دەگرن و هەر پۆل و تاقمێکی مناڵان لەهەرقۆناغێکی تەمەن دابن ئەواپێویستەلەگەڵیاندا پشوو درێژبن، هەربۆیە ئەم شاعیرە دڵپاکە بەفۆڕمێکی تایبەتەوە و بە فریکانسێکی جیاوازەوە ئامادەی وەرگرتنی پەیام و بابەت و بەرهەمەکانی خۆیەتی؛ هەمیشە وەک پێویست خۆی لە گەڵ ئەو فریکانس و تاقم و پۆلە جیاوازانەدا ڕێک خستوە تاپەیامەکەی بەهەڵواسراوی نەمێنتەوە، چونکە ئەوباش دەزانێ. مەنتیقی مناڵ زۆرتر لە گەڵ هەست و سۆزدایە، جگەلەوەش شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆگشت سەرنجەکانی لە سەر منداڵان وەستاوە هەرئەمەشە وای لێکردوە بەو هەستە مرۆڤانەووەک شاعیرێک لەشیعری پەروەردەدا وەک ڕابەرێکی بەهێز دەرکەوێ. چونکە سەرنجی شاعیرانە و بابەت و ناوەرۆک و زمان و دەربڕینە وێنەییەکان و ئاماژە و هێماکانی هێندە مناڵانەو جوانن لەتریقە و پێکەنین وگڕوگاڵی منداڵ دەچن.



ئەم شیعرە بەنمونە:
(خولی فێربون)
هاتوین بۆخولی فێربوون
تائاسۆمان گەش بێ وروون
بەچالاکی وزانیاری
بەوێنەومەلەویاری
لێرەکات بەسەردەبەین
تواناى خۆمان دەردەخەین
وانەی تازەفێردەبین
هی ئەوپۆلەی بۆی دەچین
بۆخولیاوبەهرەکانمان
بۆکاری باش وجوانمان
مامۆستاکان هاوکارن
لەگەڵمان دەست بەکارن
تائێمەی بچکۆلەوژیر
مرۆڤێک بین ڕۆشنبیر

ئەم شاعیرە هە ست ناسکەی نێوئەدەبیاتی مناڵان یەکێکە لەنوسەرە دیارەکانی بواری پەروردە زیاترلە چارەکە سەدەیە کە دەنوسێ بۆجیهانە جوانەکەی مناڵان بەمەش مێژوویەکی جوانی دروست کردوە بۆخۆی و خزمەتێکی بەرچاوی کردوە بۆگەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی، شایانی باسە نزیکەی ٢٠٠ شیعری کراوە بەگۆرانی منداڵان، خاوەنی ٢٥ نامیلکەیە بۆ منداڵان.

بیروهزری ئەم مرۆڤە هەست ناسکەپڕپرە لەپەیامی تیشکی زانست وچرای ڕوناکی بۆئایندەی منداڵە ژیرەکان

ئێستاش شەوڕۆژ بێ ئەوەی ماندووبێت دەیەوێ لەڕیگای شیعرو پەروەردەوە بزەو خەندە بکاتە دیاری بۆسەر لێوی گشت منداڵانی کوردوستان، ماوەتەوە ئەوەی بڵێن تەمەنی ئەم شاعیرە قەڵەم زێڕینە درێژبێت هەمیشە بەردەوام بێت لەخزمەت کردنی ئەدەبی منداڵان.

## باخاچە

### ڕەووف محەمەد ئالانی

ئێمە مناڵی باخچەین
وەکو گوڵی دەمخونچەین
پێدەکەنین بۆ ژیان
دەچرین ئاوازی جوان
تا دڵمان گەش و خۆش بێ
خواردنی خۆشمان نۆش بێ
بەدەم زەردەخەنەوە
لێومان پڕبەخەندەوە
دڵی باوکمان و دایە
پڕبکەین لەو سەمایە
دڵخۆشی وا دەنوێنین
شادی بۆهەمووان دێنین.



## دیاناو هاوڕێ تازەکەی

### وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە/فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

دیانا کچێکی حەوت ساڵان بوو، زۆرحەزی بەیاریکردن دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

لەکاتەکانی دوای نیوەڕۆ کەئەرکەکانی قوتابخانەی جێبەجێ دەکرد، دیانا تێبینی کردبووکچێکی جوان ناوی (گوڵان)بوولەبەردەم پەنجەرەکەی ماڵەوەیان دەردەکەوت وبەبێ دەنگی سەیری دەکردن. ڕۆژێک دیانا میزەڵانێکی فووتێکردو بەگەورەیی لێی نووسی(وەرە بایاری بکەین)پاشان بەرەڵای کردهەتابەرزبووەوە چووە بەردەم پەنجەرەی ژورەکەی (گوڵان)کاتێك گوڵان ئەمەی بینی زۆردڵتەنگ بووپەنجەرەکەی داخست وئیترهەتا چەند ڕۆژێک دیارنەما.

دیاناهەستی بەنیگەرانی دەکردوڕۆژانە چاودێری دەکردبۆئەوەی بزانێت گوڵان لەچی نیگەرانە؟

هەتا ڕۆژێک دیانا گوڵانی بینی لەگەڵ دایکیدا لەسەر ڕێگایەکی گشتی کەلەسەر کورسییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت دانیشتبوو، لەدوای ئەوەی هۆکاری دڵتنگیەکەی زانی، چووەماڵیان ولەتەندروستی گوڵانی پرسی، دایکی گوڵان ووتی: گوڵان تووشی ئیفلیجی مناڵان بووە کەجۆرە نەخۆشیەکە تووشی منداڵی ساوادەبێت، بۆیە پێویستە منداڵ هەتا تەمەنی پێنج ساڵان کوتانی تایبەت بەم نەخۆشییە وەربگرێت بۆ ئەوەی وەک گوڵانی لێنەیەت، پاشان ووتی:گوڵان کچێکی جوان وژیرەپێویستە هاوڕێیەتی بکەیت و وانەکانتی لەگەڵ بخوێنیت وئینجا یاریشی لەگەڵ بکەیت. دیانا زۆر بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتی گوڵانی کرد بۆیاریکردن لەگەڵ خۆیی و هاوڕێکانیدا، لەو ڕۆژەوە گوڵان بووەبە نزیکترین هاوڕێی مناڵان وپێکەوە کاتی یاری وخۆشییان بەسەردەبەن.



# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی پێنجەم



واتە ئەو ڕێکخراوەی ئافرەتان لە ١٩٤٦/٤/١٣دا دامەزراوە.

(ڕەدووکەوتنی کچانو ژنان قەدەغەیە: ژ٥١، ل٤)

((لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنآ بە مێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە، ڕاکێشآ، دەبآ بکوژرآو ئەگەر کچێکیش بەزۆر ڕاکێشرآ دەبآ ئەو پیاوە بکوژرآ. ئەمما کچآ خوازبێنی بکاو نەیدەنآو مانیعی شەرعیش نەبآ بەمێرد نەبآو کچەکە ڕەچای ببآ، جەزای نییە. وەگەر نە لە سآ مانگەوە تا سآ ساڵ حەبس دەکرآ.

٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان

حاجی سەیید باباشێخ))

(مەدرەسەی ئەکابری یایان: ژ٣٢، ل٣)

لە ١٣٢٥/١/١ (١٩٤٦/٣/٢١)دا بە فەرمانی پێشەوا لە جآی مەدرەسەی کچان دامەزراوە بۆ پآخوێندنی کچانو ژنانی نەخوێندەوار. چل کچو ژن ناویان لێ نووسیوە.

((لە ڕۆژی ٢٥/٥/٢٦ لە حەوزەی ژنان هەڵبژاردن دەست پآکرا، ئەو خانمانەی خوارەوە هەڵبژێردران: کۆبرای عەقیمی- یەدر، ماوزەری بلە زادە- یاریدەی یەدر، خەدیجە خانم- خەزێنەدار، مریەم خانم- نووسەر، سەڵگەنەت خانم- حیسابدار...)) (ژ٧٩، ل١)

یەکەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان:

زۆر پآئەچآ بارەگاکەی لە (عیمارەتی ئامریکائیان)دا بووبآ. (ژ٧٩، ل٤)

(کۆنفرانسی سوخەنرانیی یایان: ژ٣٧، ل٤)

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆڕی گفتوگۆ بۆ یایانو کچانی مەهاباد ڕێکخراوەلە خانەی فەرهەنگ، بۆ قسەکردن لەسەر زانستو فەرهەنگو پێشکەوتنی یەکێتیی سۆڤێت؛ یای پێشەوای کوردستانو کیژ عیفەت قاچیو خەدیجەی حەیدەری قسەیان تێدا کردووە.

(باربوو لەلایەن یایان: ژ٤٦، ل٤)

((ڕۆژی جێژنی ئەووەلی مانگی مە لە حیزبی یایان جێژن گیرابوو، خانمانی ژێرەوە هەریەک بە ئەندازەی خۆی کۆمەگیان بە حیزبی ژنان کرد، سوپاسیان لێدەکەین... -ناوی ٣٣ ژن هێنراوە)).

(جەلەسەی یایان: ژ٤٢، ل٤)

کومیتەی دێموکراتی یایانی کوردستان، ١٣٢٥/٢/٩ جەلەسەیەکی ڕێک خست؛ کیژ ڕەعنای داودی وتاری تێدا دا.

حیزبی یایان، بەپآی (ژ٧٧، ل٤)، بە ڕادەیەک پێڕەوی شەفافیەتو ئاشکرایی لە کارەکانیدا کردووە، داهاتو خەرجیی هەرسآ مانگی خاکەلێوەو بانەمەڕو جۆزەردانی خۆیی لە "کوردستان"دا بڵاوکردوەتەوە. هەر لەو ڕێیەوە، زانراوە کە ئەمانە بەرپرسی بەشەکانی ئەو حیزبە بوون لەناو مەهاباد:

یای کولپووم سوڵگانیان: سەرۆکی مەحەللەی ئەرمەنیان

یای خورشید شاگری: سەرۆکی مەحەللەی بازاڕ

یای خەدیجەی قاچی: سەرۆکی مەحەللەی چۆمی

یای سەیید عائیشەی شاگری: سەرۆکی مەحەللەی حاجی حەسەن

یای پەدیقەی وەلی زادە: سەرۆکی مەحەللەی خزری

یای زیبا خانم: سەرۆکی مەحەللەی قیبلە

یای ئامینە داودی: سەرۆکی مەحەللەی ڕەزگەریان

یای زارای مەولەوی: سەرۆکی مەحەللەی جامیعە

یای ماهوزەری بلە زادە: سەرۆکی مەحەللەی یەهوودیان

دوور نییە ئەوسا شاری مەهاباد هەر لەو حەوت گەڕەکە پێک هاتبآ.

ژنان، ئەو سەردەمە هەلومەرجیان بۆ ڕەخساوەو هاتوونەتە مەیدانی نووسینیش؛ شەشیان (یای حەلەبی سمایلی فەرەجی، یای ڕوقیای شنۆیی، شاه سوڵتان خانم فەتاحی قازی، یای کۆبرای عەزیمی، مریەم ئەحمەدی یاماوزەری بلەزادە) وتارو شیعری بڵاوکراوەیان لە "کوردستان"دا هەیە.

جآی سەرنج ئەوەیە: ڕێکخراوی ژنان بە چەند ناوێکی جیای وەک (کۆمەڵەی ژنانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی یایانی کوردستان، کومیتەی دێموکراتی یایانی کوردستان، حیزبی یایان، حیزبی ژنان) ناوی هێنراوە.

١-چالاکیی ڕۆشنبیری:

چاپو بڵاوکردنەوە:

ڕوویەکی هەرە گەشی ئەو ئەزموونە کەمتەمەنەی حوکمی کورد، چاپو بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی باشی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە بووە. "کوردستان" ئاماژەی بۆ بەشێکیان کردووە:

هەووەلڕ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان (سیلسیلەی مەشایخی نەقشەبەندی)/ ژ١٤، ل٣

ئەم بەرهەمە دانراوی "هەژار"ە. خۆیشی لە بیرەوەریەکانیدا وا لێی دواوە: (( نامەی مەشایخی نەخشبەندیم بە شیعر هۆنیبۆوە، لە بۆکان چاپمان کرد. هەزار نوسخە بە دوسآ ڕۆژ فرۆشرا، لام وابوو شیعرەکانیان پەسند کردوە. دوایی دەرکەوت وەک نوشتە کڕیویانەو دە بە ڕگیان گرتووەو بە کڵاویانەوە ناوە.))

ڕۆژئەژمێری باخەڵی ڕەسمیی دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان لەچاپ وەدەرکەوت/ ژ٤٠، ل٢

"هەڵاڵە" دەرهات/ ژ٤٨، ل٣

مەبەست گۆڤاری "هەڵاڵە"یە کە کومیتەی مەحەللیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لکی بۆکان دەری کردووەو حەسەن قزڵجی موديری ئیدارەی بووە.

جزمی یێکەمی "دیوانی قانع"یش هەر لەوآ بۆکان لەچاپ هاتە دەر/ ژ٤٨، ل٤

پێشتر نەزانرابوو کە قانع ئەو زەمانە دیوانی شیعری لە مەهاباد بلاو بووەتەوە.

گۆڤاری "زانست"، دڵشادی ڕەسووڵی لە پووشپەڕی ١٣٢٥دا وەکو مودیری مەسئوولو خاوەنی ئیمتیازی ڕایگەیاندووە کە دەرئەچآ/ ژ٦١، ل٢

لەبەر ئەوەی ئەو ئاگادارییە چوار مانگ زیاتر پێش ڕووخانی حکوومەتی کوردستان بڵاوبووەتەوە، هیچ بە دووری نازانم دەرچووبآ.

شاعیری میللیو بەناوبانگی کورد/ ژ٦٩، ل٢

جەعفەر خەندان دیوانی (ئاڵەکۆک)ی کردووە بە ئازەریو لە تەوریز لەچاپ دراوە. وتراوە: جزمێکی تری شیعرەکانی بەناوی (پێشەوای پەشێو)وە بەو زووانە چاپ ئەبآ.

هێمن شیعرەکانیی لە دوو جزمدا (بڵێسە- فرمێسک) کۆکردوەتەوەو ئامادەی چاپن/ ژ٦٥، ل٢.

چالاکیی تر:

دامەزراندنی کتێبخانەی میللی/ ژ٢٥، ل٤

((لەبەر ئەوەی پێداویستێکی زۆر بەبوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرآ، حەجرەتی پێشەوای کوردستان دەستووری فەرموو کە بە زووێکی زوو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قیرائەتخانەی عیسا زادەو فەرهەنگ بکرآو یەکجآ لە ساڵۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابنرێنو کتێبخانەیەکی میللیو عموومی ساز کرآو چەند کەسێکیش لە برادەران تا ئەوڕۆ کتێبێکی زۆریان بەم کتێبخانە پێشکەش کردووە (کە پاشان دە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرآ)و کەسانێکیش ئامادەن یەک یا چەند جلد کتێب بەم کتێبخانەی میللییە ببەخشن لە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرآو تەقدیریان دەکرآ))

مزگێنی/ ژ٦٤، ل٣

((کتێبخانەیەک بەنێوی "کتێبخانەی فەرهەنگ" لە تەنیشت مەدرەسەی گەلاوێژ کراوەتەوە. تکا لە برایانی خۆشەویست دەکەین چ بە کتێب چ بە مێژو یەندەلی یاریدەی ئەم کتێبخانە کە قازانجی بۆ هەموان هەیە، بدەن. خوێندنەوەی کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤار خۆراییە- مودیری کتێبخانەی فەرهەنگ))

٢-مەلا مێگەهفا بارزانی/ ژ٢١، ل٤؛ ژ٢٣، ل٣

((جەنابی ئاغای مەلا مێگەهفا قائیدی کوردی بارزان ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٩ ساتی ٥ی پاشنیوەڕۆ واریدی مەهاباد بوو. وەختآ گەیشتە نێو باغان ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی پێشوازییان لێ کرد. وەختآ مەلامێگەهفا لە چۆمی پەڕیەوە، بە ئیحتیرامی ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی دابەزی. لەم کاتەدا کومیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کردو لە قەراخ چۆمی پێک گەیشتن؛ برای خۆشەویست یەدیق حەیدەری مەراسیمی بەخێرهاتنی بەجآهێناو هەموو ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزیی بە مەلا مێگەهفا ناساندو ئەویش دەستی لەناو دەستی هەموان ناو لە نیهایەتی خۆشیدا بۆ کانگای حیزبی دێموکرات هاتنو لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتنو لە ساتی ٦ حەچرەتی پێشەوای کوردستان بەپآی القادم یُزار تەشریفی بۆ کانگا هاتو مولاقاتی دەگەلڕ مەلا مێگەهفا فەرموو. لەو وەختەدا محەممەد ئەفەندی خیگاب بە حەچرەتی پێشەوا؛خیگابێک کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا مێگەهفا بوو لە خێووێ خۆ دەپێناونانی کوردی بارزانو دەربەدەریی ئەم قەومە نەجیبە لە ڕآی سەربەستی کوردستاندا خوێندەوەو جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوەو ئەوانی بآئەندازە بە حکوومەتی کوردستانو حیزبی دێموکراتآ ئومێدەوار کرد. پاشان حەچرەتی پێشەوا تەشریفی بردە سالۆنی تایبەتی خۆی، ئەنجا مەلا مێگەهفا بە حوچووری شەرەفیاب بوو و ماوەی دوو سات پێکەوە خەریکی گفتوگۆ بوون.

مەلا مێگەهفا پیاوێکی سیاسیو زەعیمی کوردی بارزانە، لەڕآی سەربەستیی کوردستاندا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێلو عەشیرەتی وییان بە گوناهی ئازادیخواهی دەربەدەرو لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەرناوە. زاتی نێوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زاناو تێگەیشتووە، موتەمەدینو نیشتمانپەرستەو تەمەنی لە حدوودی چلوپێنج ساڵیدایە)).

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٠ ئەندامانی حیزبو ئەشرافو ئاغایانی شاری مەهابادو سەرۆک عەشیرەتان سەریان لێ داوە بۆ بەخێرهێنان. نوێژی جومعەیشی لە مزگەوتی جامیعە کردووە. بەیانیی ١٣٢٤/١٢/١١ لەگەلڕ ئەفسەرانیو ئەحمەدی ئیلاهیی ئەندامی کومیتەی مەرکەزیدا چووەتە هێزی کوردستانو دەبیرستانو شارەوانیو ئیدارەی دژبانیو مەدرەسەی گەلاوێژو مەدرەسەی کوردستان؛ شەوی یەکشەممو ١٣٢٤/١٢/١٢ سەری لە چاپخانەی کوردستان داوە، لەگەلڕ ئەفسەرانو ئەحمەدی ئیلاهیدا چووەتە لای حاجی سەیید بابا شێخی ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللیی کوردستان؛ دووشەممو ١٣٢٤/١٢/١٣ لەگەلڕ ئەفسەرانیو "محەممەد مەحموود و عەبدوڕەحمان گهیبی موفتی"و کەریم ئەحمەدین چووە بۆ ئیدارەی شارداریو لای پێشەوا لە یانەی فەرهەنگی/ ژ٢٦، ل٣؛ ژ٢٧، ل٣.

٣-پارتی دیموکراتی کورد:

محەممەد قودسی لە جەژنی نەورۆزی ١٩٤٦دا (٣/٢١) بەناوی پارتی دیموکراتی کوردەوە وتاری داوە/ ژ٢٨، ل٣.

وەک زانراوە، مەلا مستەفا بارزانی ١٩٤٦/٢/٢٨ گەیشتوەتە مەهاباد؛بەڵگەنامەیەکی ئەودەمە نیشانەی ئەوەیە کە ڕێکخستنێک بە ناوی (کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق)ەوە هەبوە؛ نووسراوی ژمارە (٢)ی خۆی لە ١٣٢٥/١/٦ (١٩٤٦/٣/٢٦)دا دەرکردووە . هیچ دوور نییە یەکەم نووسراوی هی چەند ڕۆژێکی کەمی پێشتر بووبآ.

بە قسەی خوالێخۆشبوو هەمزە عەبدوڵڵا پارتی وەختێک دامەزراوە کە مەلا مستەفا لە مەهاباد بووە . بۆیە، بە هەموو حیسابێک ئەبآ پارتی لە مارتی ١٩٤٦دا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاندبآ. محەممەد توفیق وردی لە (حیزبە سیاسیەکان لە کوردستانی گەورە: ژ٦٨، ل١، ٣)دا نووسیویە: ((حیزبی دیموکراتی کوردستان مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە فەرعێکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)). ئەو ژمارەیەی "کوردستان" لە ١٨ی ژوئیەی ١٩٤٦دا دەرچووە، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئەوکاتە لە مەهاباد هەڵنەوەشێنراوەتەوە.

٤-حیزبی دێموکراتی کوردستان:

ئەو حیزبە لەم ڕۆژنامەیەدا بەگشتی هەر بە (حیزبی دێموکراتی کوردستان)، بەبآ (ئێران)، ناوی هێنراوە؛تەنیا محەممەد تۆفیق وردی جارێک ، پێم وایە هەر بۆ جیاکردنەوە، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بردووە. جاروبار بە (فیرقەی دێموکرات) یا (کۆمەڵەی دێموکرات)یش ناوی هەیە/ ژ١، ل٤؛ ژ٢، ل٣؛ ژ١٠، ل١).

یەکەم دانیشتنی کۆمەڵە (حیزب) لە ماڵی محەممەد نانەوازادە کراوە/ ژ١٥، ل١

تەشکیلاتی حیزب گەیشتوەتە دەوروبەری ماکۆو کوردانی ئاراڕات. مەڵبەندەکانی مللیو جەلالیو قەرەنی پێوەندییان پێوە کراوە؛ کوردانی جەلالیو میرانی باربووی حیزبیان کردووە/ ژ٣٥، ل٤؛ ژ٥٢، ل٣، ٤

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە درێژکراوەی کۆمەڵەی (ژ. ک) دانراوە؛ لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ (١٩٤٢/٨/١٦)دا جەژن بۆ ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی گیراوە (موبارەزەی ئازادیو دێموکراسیی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا، جێژنو چراخانی: ژ٧٩، ل١، ٣).

٥-ئیستگەی ڕادیۆی تەورێز:

هەموو شەوێک سەعات ٩،٤٥ بە وەختی مۆسکۆ بە زمانی کوردی قسەی کردووە/ ژ٤٠، ل٤

٦-کوردستان قسان دەکا/ ژ٤٣، ل١

((سێشەممە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ]١٩٤٦/٣/٣[ئیستاسیۆنی ڕادیۆی مەهاباد لەگەلڕ ٥ دەستگاه بڵندگۆ کە ١-لە حەوشی کانگای حیزبی دێموکرات ٢-لە پێشمەرگەخانە ٣-ڕووبەڕووی شارەوانی ٤-لە ڕووبەڕووی خانووی حەچرەتی پێشەوا ٥-ڕووبەڕووی مزگەوتی عەباس ئاغا دانران.))

٧-سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣

((برای خۆشەویست جەعفەر ئاغای کەریمی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای کردووە کە ئیمتیازی سینەماییێکی بە نێوی سینەمای کوردستان بدرێتآ داوخوازیی وی مەوریدی تەوەجوهی پێشەوای موعەقەمی کوردستان قەراری گرتووەو فەوری بە ژمارەی ٩١٠- ٢٤/١٢/١٤ ئیمتیازی دراوەتآو زۆر تەقدیری لێ کراوەو لەسەری ئەمری ڕیاسەتی موعەقەمی جمهووری یانەی قەپانی تووتن کێشان کە لە ئیدارەی تووتنآ دامەزراوە، بۆ کانگای سینەما هەڵبژێردراوەو دەستوور دراوە ئاغای حەسەن ئەرجومەندی مودیری سینەمای کوردستان خەریکی سازکردنی ئەسبابو بەجێهێنانی وەڤیفە بێت.))

١٣- خوتبەی نوێژی جومعە لە ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)دا کرایە کوردی/ ژ١٠، ل٣.

١٤- مزگێنی:

هەواڵر دراوە کە عەبدوڕەحمان ژەبیحیو دڵشاد ڕەسووڵیو قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە گیرانو برانە تاران، ئازاد کراون/ ژ١٣، ل٣

زەبیحیو دڵشاد ڕەسووڵی شەوی ١٣٢٤/١٢/٣ گەیشتنەوە مەهاباد، قاسم قادری لە بیمارستانی شوورەوی لە تەورێز مایەوە بۆ چارەسەر/ ژ١٩، ل٤

هەژار، شیعری بۆ هاتنەوەیان وتووە/ ژ٢٦، ل٢، ٣

شایانی وتنە، ئەو سآ کەسە لە ١٩٤٥/٨/٥دا لە ورمآ گیراون .

١٥- مەتنی پەیمانێک کە لەنێوان حکوومەتی میللیی کوردستانو ئاژەربایجاندا بەستراوە/ ژ٤٥، ل٣

١٦- یەکەتیی جەوانان:

ڕێکخراوی لاوانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان درەنگتر لە هی ژنان دامەزرا؛ ئەگەرچی لە (ژ٩، ٢ی فیورییەی ١٩٤٦، ل٣)دا ناوی محەممەد عەگاری وەک ((عوچووی هەیئەتی تەبلیغاتی ئیتیحادییەی جەوانانی کوردستان)) هێنراوە، بەڵگەی تر بەدەستەوە نییە کە لەو ماوەیەدا هەبووبآ.

لە (نەتەوەی کورد چیی لە یەکەتیی لاوان دەوآ ؟: ژ٦٧، ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٢٥، ل١)دا وتراوە: ((دوێنآ ئێوارآ ٢٢ی پووشپەڕ: ١٩٤٦/٧/٣ ڕادیۆی کوردستان موژدێکی خۆشی بڵاوکردەوە، کوتی بەو زوانە یەکەتیی لاوانی دێموکراتی لە سەرتاسەری کوردستانی ئازادا تەشکیل دەدرآ)).

بەپآی (چاوڕوونیو پیرۆزبایی بۆ هەیئەتی جەوانانی مەهاباد) لە (ژ٧٠، ٢٣ی ژوئیەی ١٩٤٦، ل١، ٤)دا، ئەبآ یەکەتیی جەوانان لەو ١٠ ڕۆژەی پێش ٢٣ی تەمووزدا دامەزرابآ.

ڕەحمان وەیسیو بابا حوسێنی کە بە نوێنەرایەتیی یەکەتیی جەوانان چوونەتە میاندواو و بۆکانو سەراو یەکشەوە بۆ دامەزراندنی لکی یەکەتی، شەوی ١٣٢٥/٥/١٢ (١٩٤٨/٨/٣) گەڕاونەتەوە/ ژ٧٤، ل١

ئەندامەکانی هەیئەتی یەکەتیی جەوانان لە ١٣٢٥/٥/١٤ (١٩٤٦/٨/٥)دا بەشداری یادی چلویەکەمین ساڵی مەشرووتە بوون/ ژ٧٥، ل١

(ئەی جەوانان، بە موناسەبەتی دامەزراندنی یەکەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان: ژ٦٧، ل١، ٢) پیرۆزباییو ڕێنوێنییە بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەوە.

پشت بەستوو بەو ڕاستییانە، ڕێکخراوەکە ناوی (یەکەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان) بووە.

١٧- "جەمهووری":

لەم ژمارانەی بەردەستدا، تەنیا لە دوو هەواڵدا ناوی "جەمهووری" هێنراوە: وەک (دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان) لە ((ڕۆژئەژمێری باخەڵی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لەچاپ وەدەرکەوت/ ژ٤٠، ل٢))دا، وەک (ریاسەتی موعەقەمی جەمهوور) لە (سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣)دا کە وتراوە: ((... لەسەر ئەمری ڕیاسەتی موعەقەمی جەمهوور یانەی قەپانی تووتن کێشان کە لە ئیدارەی تووتنآ دامەزراوە... .))

ئەمە بەڵگەیە کە ئەودەمە زاراوەی سیاسیی "جەمهووری یا ڕەئیس جەمهوور" لە ڕاگەیاندنی ئاشکرای وەک ڕۆژنامەدا بەکارنەهێنراوە.

١. ٢. ٢. وەزیفەدارانی حکوومەتیو حیزبی:

پێویستم بینی، بۆ مێژوو، لیستی ناوی ئەوانەی وا وەزیفەی حکوومەتیو حیزبییان لەو ڕۆژانەدا هەبووە ناویان لەم ژمارانەی "کوردستان"دا هاتووە، بگرم.

-هی حکوومەتی:

حاجی سەیید بابا شێخ: ڕەئیسی میللیی کوردستان، سەرۆکی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، ڕەئیسی هەیئەتی میللیی کوردستان/ ژ١، ل٣؛ ژ٢، ل٤؛ ژ١٥، ل٤

محەممەد نانەوازادە: فەرماندەی ئۆردووی میللیی کوردستان، فەرماندەی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٣؛ ژ١٣، ل٣

سەلیم ئاغای ئێلخانی زادە: فەرماندەی لکی بۆکان/ ژ١، ل٣؛ ژ١٦، ل٢

عەلی خوسرەوی: سەرۆکی دائیرەی چاپو بلاوکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مودیری داخیلیی چاپخانەی کوردستان، پشکنێر (پشکن)ی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان، موعاوینی وەزارەتی تەبلیغاتو مودیری ئیستاسیۆن/ ژ١، ل٢،٣؛ ژ٢٧، ل٤؛ ژ٥٤، ل٣

ڕەحیم لەشکری: پشکنێری هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان/ ژ١، ل٢

قادری مودەڕیسی: سەرۆکی بنگاهی چاپخانەی کوردستان، مودیری چاپخانە/ ژ٢، ل٤؛ ژ١٨، ل٤

سەیید محەممەدی حەمیدی: مودیرو سەردەبیری ڕۆژنامەو گۆواری "کوردستان"/ ژ٣، ل٤

محەممەد موبەللیغی: مودیری مەکتەبی کرمانجی، مودیری مەدرەسەی کوردستان/ ژ٢، ل٤؛ ژ٣٤، ل٤

عەلی گوڵجەبینی: موعەللیمی مەکتەب/ ژ٣، ل٤

م. حەبیبی: مودیری مەکتەب (یا مەدرەسە)ی خوسرەوی/ ژ٣، ل٤؛ ژ٤٠، ل٣

]ئەحمەد[عیلمی: ڕەئیسی (یا سەرۆکی) مالییەی شاری مەهاباد، ڕەئیسی ئیدارەی مالییەی کوردستان، ڕەئیسی ئیدارەی دارایی کوردستان/ ژ٦، ل٣؛ ژ١٣، ل٣

سەعید زەڕگەیی: حرووف کۆکەرەوەی چاپخانەی کوردستان/ ژ٦، ل٢

میرزا غەنی خوسرەوی: شەهرداری مەهاباد، سەرۆکی شارداریو مودیری بنگاهی شێرو خورشید/ ژ٧، ل١؛ ژ٤٤، ل٢

سەیید باوەجان: پێشمەرگە/ ژ٨، ل١

مەلای داودی: مودیری مەدرەسە (دەرسخانە)ی گەلاوێژ/ ژ١٩، ل٢

قازی محەممەد: پێشەوای بەرزی کوردستان ڕەهبەری میللەتی کورد، ڕەئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوای میللیو دینیی کوردستان، ڕەئیسی حکوومەتی میللی/ ژ١، ل١؛ ژ٢، ل٤؛ ژ٤٥، ل٣؛ ژ٧٦، ل١.

محەممەد حوسێن خان سەیفی قاچی:کۆمەگ فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان، وەزیری جەنگو نوێنەر (نماینده)ی حکوومەتی کوردستان/ ژ١١، ل١؛ ژ٥٠، ل١

حەسەن ئەرجومەندی: مودیری سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣

یای وەیلەمەی یەیادیان: مودیرەی مەدرەسەی پەروانە (کچان)ی مەهاباد/ ژ١٣، ل١

ئەحمەدی ئێلخانی زادە: پێشمەرگە/ ژ١٥، ل١

موڕادی: سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان/ ژ١٥، ل٤؛ ژ٢٨، ل٤

محەممەدئەمین موعینی: مودیری شیرکەتی تەرەققیی کوردستان/ ژ١٥، ل٤

قادر ئاغای قارەمانی: پێشمەرگە/ ژ١٧، ل١

مەلا حوسێنی مەجدی: سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان، سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی مەهاباد/ ژ١٧، ل٤؛ ژ٣٥، ل٤

ێ. باباخانی: سەرۆکی پوستو تەلگرافی مەهاباد، سەرۆکی پوستو تەلگرافو تەلیفونی کوردستان/ ژ١٩، ل٣؛ ژ٣١، ل٤

عەزیز ئیبراهیمیان، سەیید عوبەیدوڵڵا گهها زادە، محەممەد داودی: مامۆستایانی مەدرەسەی گەلاوێژ/ ژ١٩، ل٢

یای کۆبرای عەقیمی، ماوزەڕی بلەزادە، یای خەدیجەی بابەسووری، یای خەدیجەی مەجدی: ئامۆژگاران (مامۆستایان)ی مەدرەسەی کچان/ ژ٢٠، ل٤

قاچی محەممەد قزڵجی: قاچیی بۆکان/ ژ٢١، ل٤

سەیید خچر (سەییدە پیرە): سەرۆکی شارەوانی (ئاسایش)ی مەهاباد/ ژ٢٢، ل١

حاجی سەیید ڕەحیم نیقامی: سەرۆکی شارەوانیی کوردستان/ ژ٢٤، ل٢

محەممەد حوسێن ئەمیری: پشکنێر/ ژ٢٤، ل٤

سەلیم فەیچوڵڵا بەگی: پێشمەرگە/ ژ٢٤، ل٤

میرزا محەممەد ئەمین گاهیری: نووسەری محەممەد ڕەشید خان/ ژ٢٤، ل٤

مێگهفا فەیچوڵڵا بەگی: پێشمەرگە/ ژ٢٤، ل٥

عەبدوڕەحمان گهیبب موفتی: ئەفسەر/ ژ٢٦، ل٣

ڕەشید ئاغای هەمزە ئاغا: ڕەئیسی هەیئەتی فەرهەنگ/ ژ٢٦، ل٣

محەممەد مەحموود: ئەفسەر/ ژ٢٧، ل٣

یای سەڵگهنەت داود زادە: ماشێن نووسی ئیدارەی فەرهەنگ/ ژ٢٨، ل٢

ئیبراهیم فەهمی "فەهمیی": سەرۆکی ئیدارەی گومرگی مەهاباد، سەرۆکی ئیدارەی کوللی گومرگاتی کوردستان/ ژ٢٨، ل٤؛ ژ٤٠، ل٤

مەجید میرئاخوڕی: سەرۆکی ئیدارەی گومرگی نەغەدە/ ژ٢٨، ل٤

ئیسماعیل یاڵحی: سەرۆکی ئیدارەی گومرگی خانآ/ ژ٢٨، ل٤

عیساپوور: پێشمەرگەی هێزی دێموکراتی کوردستان- شنۆ/ ژ٢٨، ل٤

هاشم حەمزەیی: سەرۆکی ستادی بۆکان/ ژ٢٤، ل٥

ئەسکەندەری (ڕادبر ؟): سەرۆکی پۆستو تەلگرافی شنۆ/ ژ٣١، ل٤

ڕەشید عەزیزی: سەرۆکی فەرهەنگ/ ژ٣٢، ل٢

ئیبراهیم یەلاح: سەرۆکی ستادی هێزی ناوەندی، سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان، سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دێموکراتی کوردستان/ ژ٣٢، ل٣؛ ژ٤٢، ل٣؛ ژ٤٩، ل٣

یۆسفی: سەرۆکی ئیدارەی کوللی نێونووسی کوردستان/ ژ٣٣، ل٣

جەعفەری کەریمی: سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان، ڕەئیسی ئیدارەی گومرگی مەهاباد/ ژ٣٥، ل٤؛ ژ٨٨، ل٣

هاشم مووسازادە: سەرۆکی ئیدارەی پەبتی مەهاباد/ ژ٣٦، ل٤
شێخ مەعروف بەرزنجی: سەرۆکی ئیدارەی ئاماری شنۆ/ ژ٣٧، ل٢
حەسەن گەورک: سەرۆکی ئاماری میاندواو/ ژ٣٧، ل٢
غوڵام حسێن ڕەحمەتوڵڵاهی: لە ئیدارەی ناوەندی/ ژ٣٧، ل٢
ئەحمەد حەسەنزادە: ڕەئیسی شارەوانی شنۆ/ ژ٣٧، ل٣
میرزا حەسەن کاظمی: رشەئیسی قوتابخانەی شنۆ/ ژ٣٨، ل٢
میرزا محەممەد ئەمین مەلا نایر فەرووخی: ڕەئیسی شارداری شنۆ/ ژ٣٨، ل٢
مەلا عەبدوڵڵا فاروقی: موعاوینو موتەیەددی ماڵیاتی شنۆ/ ژ٣٨، ل٢
فەتاحی قاچی: سەرۆکی ئیدارەی دوخانیەی مەهاباد، موعاوینی ئیدارەی ئیقتیادی کوردستان/ ژ٣٩، ل٤؛ ژ٧٥، ل٤
ئەحمەد بابانزادە: سەرۆکی گومرگخانەی لاهیجان/ ژ٤٠، ل٤
محەممەد یەدقی: ڕەئیسی فەرهەنگی مەهاباد/ ژ٤٠، ل٤؛ژ٦٥، ل٣
دڵشاد ڕەسووڵی: موعاوینو بازرەسی کوللی وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان/ ژ٤٠، ل٤
میرزا سەعید: ڕەئیسی دوخانیەی شنۆ/ ژ٤١، ل٣
حەسەن کاکاغازادە: نمایندە (نوێنەر)ی فەرهەنگی نەغەدە/ ژ٤٦، ل٤
مەنافی کەریمی: وەزیری فەرهەنگ/ ژ٤٦، ل٣
یەدیق حەیدەری: مودیری کوللی ئینتیشاراتو تەبلیغاتی کوردستان/ ژ٤٩، ل٤
کاکەڵڵا ئاغا: فەرماندەی ئێلی گەورک/ ژ٥٠، ل٤
حەمەدی وسێن ئاغا: فەرماندەی پێشمەرگە/ ژ٥٠، ل٤
سەعید بەگ: پێشمەرگە/ ژ٥٠، ل٤
عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مێگهفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم: پۆد پۆڵکۆنیک (نایب سەرهەنگ)/ ژ٥١، ل٢؛ ژ٦٥، ل٣
نووری ئەحمەد گهها "شێردڵر"، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین مەحموود: مایۆر (سەرگورد)/ ژ٥١، ل٢؛ ژ٦٥، ل٣
عەبدوڕەحمان گهیبب موفتی، محەممەد مەحموود قودسی: کاپیتان (سەروان)/ ژ٥١، ل٢
مایۆر محەممەد ئەمین شەرەفی: سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێز (جەنگ)ی کوردستان/ ژ٥٢، ل٤
سەعیدزادە : کاپیتان/ ژ٥٣، ل١
ئەحمەد خەلیل زادە: مامۆستای دەبستانی گەلاوێژ/ ژ٥٣، ل٤
دکتۆر موبەیێری: سەرۆکی ئیدارەی بیهداریی کوردستان/ ژ٥٤، ل٤
ڕەحمەت داودی: ناقری خەرجی ئیدارەی دارائیو ئیداراتی دەوڵەتی/ ژ٥٦، ل٢
محەممەد غالب ئەردەڵان: مامۆستای مەدرەسەی گەلاوێژ/ ژ٥٨، ل٢
ڕەسووڵر کوردپوور: سەرۆکی شارەوانی/ ژ٥٩، ل١
خۆشەوی خەلیل مزووری: فەرماندەی لک/ ژ٦٢، ل١
شەمس بورهانی، حاجی کاکە ڕەحمان، حاجی مێگهفا داودی، ئەحمەد عیلمی،نەجمەدین تەوحیدی، محەممەد ئەمین موعینی: هەیئەتی پشکنینی ئیداراتی دەوڵەتی/ ژ٦٥، ل٣
ئیبراهیم نادری: لە وەزارەتی فەرهەنگ/ ژ٦٥، ل٤
مێگهفا بارزانی: ژەنراڵر مایۆر/ ژ٦٦، ل١
فەتاح موگهلیب ئاڵەوەیسی: پێشمەرگە/ ژ٦٥، ل٣
محەممەد قادری: مایۆر/ ژ٦٦، ل١
عەبدوڕەحمان عەلی: فەرماندەی هێزی دێموکرات- سەقز/ ژ٦٦، ل٢
قادرخان زادە ژانراڵر محەممەد ڕەشید خان: فەرماندەو سەرکردەی هێزەکانی بانە/ ژ٦٩،ل١
قادرخانی ئارمردە: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
محەممەد ڕەشید بەگی بلەکآ: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
عەبدوڵڵا بەگی سەرحەدی: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
ئەحمەد خانی فارووقی: سەرکردەی هێزی فەیچوڵڵا بەگی/ ژ٦٩، ل٢
حەمەیدیق سڵێمان خانی جاف: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
فەیچوڵڵا خانی ڕۆستەمی: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
ئەحمەد بەگی حاجی نائیب: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
مەجیدخانی حەمەڕەشید خان: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢
حامید مازووچی: ڕەئیسی دژبانی ناوەندی مەهاباد/ ژ٦٩، ل٣
بەکر حەوێزی عەبدولکەریم: سەرپۆل ٢/ ژ٦٩، ل٣
ێاڵح میکائیلی: مودیری چرای برووسکەی مەهاباد/ ژ٧٢، ل٤
عەلی بەگ شێرزاد: مایۆر/ ژ٧٤، ل١
خەلیل خوسرەوی: سەرۆکی کار لە ڕادیۆی کوردستان، سەرۆکی کاری کوردستان/ ژ٧٥، ل٢؛ ژ٨٥، ل١
داودزادە: مودیرو سەرپەرەستی مەدرەسەی عیبری/ ژ٧٥، ل٤
دکتۆر کەمالەدین (کەمال) نەقشبەندی: لە بیهداریی مەهاباد/ ژ٧٦، ل٢؛ ژ٨٧، ل٢
محەممەد لاهیجانی: ڕەئیسی ئیدارەی کوللی ئەوقافی کوردستان/ ژ٧٨، ل٤
فەتاحی قاچی: ڕەئیسی دوخانیاتی مەهاباد/ ژ٧٨، ل٢
ڕەحیم لەشکری: لە دەفتەری پێشەوای کوردستان/ ژ٧٩، ل٤
ڕەحمان ئوەیسی: کەفیلی ئیدارەی کار/ ژ٨٥، ل١
محەممەد مەولەوی: کاپیتان/ ژ٨٥، ل٢
محەممەدژەکەوی: حیسابدارو تەحویلداری دارائیی بۆکان/ ژ٨٥، ل٤
خەلیل حەیدەری: ڕەئیسی دارائیی بۆکان/ ژ٥٨، ل٤
محەممەد ڕەسوولر کوردپوور: سەرۆکی کۆمیسارییای شارەوانی مەهاباد/ ژ٥٩، ل١؛ ژ٨٧، ل٢
حاجی مێگهفا داودی: موعاوینی ئەنجومەنی کوردستان/ ژ٩٢، ل٢
مێگهفا خۆشناو: سەرهەنگی ٢/ ژ٩٢، ل٢
-هی حیزبی:
میرزا مێگهفا سوڵگانیان، عەبدولقادر مودەریسی، حوسێن فروهێر، میرزا محەممەد ئەمین شەرەفی، عەلی خوسرەوی، مەحموود وەلی زادە، میرزا ڕەحیم لەشکری: ئەعچای هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٣
قاسم ئاغای ئێلخانی زادە: نمایندەی کومیتەی مەحەللی حیزبی دێموکراتی کوردستان- لکی بۆکان/ ژ١، ل٢
میرزا مێگهفا موقتەدیری، مەحموودخان، یوونس خان، عەبدوڵڵا خان ئەمیری: ئەعچای لکی مەحەللی بۆکانی دێموکرات/ ژ١، ل٢
سەیید محەممەد گههازادە: موعاوینی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٤
محەممەد حوسێن خانی ئەمیری: پشکنێری حیزبی دێموکرات- لکی بێگ زادە/ ژ٢، ل١
محەممەد عەگاری: عوچوی هەیئەتی تەبلیغاتی ئیتیحادیەی جەوانانی کوردستان/ ژ٩، ل٣
سەیید محەممەد ئایەتی: چڵی ئەرشدان/ ژ١٥، ل٤
سەیید سەلام نەبەوی، سەیید عەبدوڵڵا: هەیئەتی مودیرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لکی گەردیگلان/ ژ١٦، ل٤
عەبدوڵڵا نیرووەمەند: نووسەری حیزبی یەکشەوە/ ژ٢٤، ل٥
قاچیمحەممەدخچری: یەدری حیزبی دێموکراتی شنۆ/ ژ٢٤، ل٢
ئەحمەدی قادری: سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان لە مەنگیقهی نەغەدە/ ژ٢٥، ل٢
میرزا ئیبراهیم: نووسەری دەفتەری پارت (حیزب) لە نەغەدە/ ژ٢٥، ل٢
ئەحمەد ئیلاهی: ئەندامی هەیئەتی مەرکەزی/ ژ٢٦، ل٣
خاڵەمین: یەدری کومیتەی مەحەللی شاروێران/ ژ٢٧، ل٢
گهها نیعمەتی: سەرۆکی دێموکراتی لکی دەشتەبێلر/ ژ٣٣، ل٣
میرزا سەعید ئیبراهیم زادە: موعاوینی یەدری کومیتەی مەحەللی شنۆ/ ژ٣٧، ل٣

مەلا یاڵح ئەیووبی: یەدری کومیتەی دیموکراتو مودەریسی مەدرەسەی گویگجەلی/ ژ٣٨، ل٢
عەلی خوسرەوی: لە ئیتیحادیەی جەوانان/ ژ٤٣، ل١
ئامو ئاغای ئامووبی: یەدری کومیتەی قزلداغ/ ژ٥٢، ل٤
حەیدەر ئاغای حەیدەرانلوو: یەدری کومیتەی قەرەنی/ ژ٥٢، ل٤
عەبدوڵڵا قەهرەمانی: یەدری کومیتەی مللی/ ژ٥٢، ل٤
عومەر ئاغا: یەدری کومیتەی ئاداخان/ ژ٥٢، ل٤
سەیید کامیل: یەدری کومیتەی مەحەللی گەردیگلان/ ژ٥٥، ل٣
سەیید ئەحمەد گەیلانی: سەرۆکی کومیتەی مەحللی نەغەدە/ ژ٦٠، ل٤
مەلا عەبدوڕەحیم قاچی: یەدری کومیتەی مەحەللی سەرا/ ژ٦٨، ل٤؛ ژ٧٠، ل٢
ڕەحمان وەیسی، بابا حوسەینی: ئەندامانی یەکەتی جەوانان/ ژ٧٣، ل١
مەنافی کەریمی: موعاوینی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ٩٢، ل١
سەیید عەبدوڵڵا گەیلانی: عوچوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ٤٥، ل٣
عومەر عەمەر خانی شەریفی: عوچوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕەئیسی عێلی شکاک/ ژ٤٥، ل٣
ڕەشید بەگی جیهانگیری: عوچوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕەئیسی عێلی هەرکی/ ژ٤٥، ل٣
زێرۆ بەگی بەهادوری: عوچوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان- نوێنەری عێلّی هەرکی/ ژ٤٥، ل٣
جەلال حیجازی، حاجی عەبدوڵڵا محەممەدی: نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەقز/ ژ٦٠، ل٣
یای کولپووم سوڵگانیان: سەرۆکی مەحەللەی ئەرمەنیان/ ژ٧٧، ل٤
یای خورشید شاگری: سەرۆکی مەحەللەی بازاڕ/ ژ٧٧، ل٤
یای خەدیجەی قاچی: سەرۆکی مەحەللەی چۆمی/ ژ٧٧، ل٤
یای سەیید عائیشەی شاگری: سەرۆکی مەحەللەی حاجی حەسەن/ ژ٧٧، ل٤
یای یدیقەی وەلی زادە: سەرۆکی مەحەللەی خزری/ ژ٧٧، ل٤
یای زیبا خانم: سەرۆکی مەحەللەی قیبلە/ ژ٧٧، ل٤
یای ئامینە داودی: سەرۆکی مەحەللەی ڕەزگەریان/ ژ٧٧، ل٤
یای زارای مەولەوی: سەرۆکی مەحەللەی جامیعە/ ژ٧٧، ل٤
یای ماهوزەری بلە زادە: سەرۆکی مەحەللەی یەهوودیان/ ژ٧٧، ل٤
عەبدوڕەحمان ژەبیحی: نووسەری ئەنجومەنی ڕەوابیگ (پێوەندی)ی فەرهەنگی ئێران- شووروەوی – شوعبەی کوردستان/ ژ٨٨، ل٤

١. ٢. ٣. بابەتەکانی تر:

١. ٢. ٣. ١.ئەدەبیاتی کوردی:

ئەگەرچی ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەت شیعرنووسین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مێژوویەکی کۆنتری هەبوو، ئەو هەلومەرجە، بە حوکمی فەراهەم بوونی دەزگاو هۆی بڵاوکردنەوەی وەک ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو سازکرانی کۆڕو جەژنەکانی سەربەخۆیی، بووژانەوەو پێشکەوتنێکی لەچاو خۆیدا- هەست پێکراوی بەخۆوە دین. شیعر، لەو کەشوهەوا تازەو پڕ لە جۆشوخرۆشەدا، بوو بە هۆکارێکی گرنگی جووڵاندنو هاندانو بەهۆش هێنانەوەی خەڵک. هێمنو هەژار، وەک جووتە شاعیرێکی میللیو هەقبێژو زمانی حاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حکوومەتەکەی، کەموزۆر لە هەموو بۆنەو ڕاوەسمو جەژنەکانی ئەو سەروبەندەدا بە شیعری نیشتمانی ئامادەیو بەشدارییان هەبوە. شیعرنووسی تریش بۆیان ڕەخسا بنووسنو بڵاو بکەنەوە.

"کوردستان"، لەم ژمارانەدا ٨٢ شیعری تێدا جآ کراوەتەوە؛٥یان نەزانراوە هی کێن، لەکاتێکدا یەکیان کە (شینی شین بۆ سەرپۆل ٢ نانەوازادە)یە، بە شێوازی نووسینو جۆری وشەئاراییو دەربڕیندا، بەزۆری بە هی "پیرەمێرد" یا "ئیبراهیم ئەحمەد"ی ئەزانم. ئەو (سەقز ١٣٢٥/٤/٢٦)ەیش کە لێی دراوە، هەر ئەبآ بۆ شوێنەونیو نەناسرانەوە دانرابآ. لەو نووسەرانەی "کوردستان"، (٣٦)یان هەر شیعری هەیە، ٨یان شیعرو وتار.

هەرچی چیرۆکە، بە ژمارە تەنیا (٤)ە؛ئەویش ٣یان وەرگێڕدراون، ئەوی تریان یەکەم چیرۆکی خۆماڵییە حەسەن قزڵجی بەناوی (فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان)ـەوە لە شێوەی شانۆنامەیەکی کورتدا نووسیبێتی.

(٥٥) پەخشانی ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو سیاسیش، بەشێکی نووسینو وتارەکانی ناو ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەکەی پێک هێناوە؛ بڕێکیان، بەتایبەت هی قەڵەمی هێمنو دڵشادی ڕەسووڵی، بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی نووسراون.

١. ٢. ٣. ٢.زمانی کوردی:

یەکەمجار بوو، دوای ساڵانێکی درێژی فەرامۆشیو قەدەغەکردن، کوردی دەرفەتی بەکارهێنانو ژیانەوە بەخۆوە ببینآ. لە (ئاگاداری: ژ٤، ل١)دا ڕاگەیەنرا: (( بە تەواوی ئەهالیی خۆشەویستی سابڵاغ ڕادەگەیێندرێت لەسەر ئەمری پێشەوای موعەڤەمو قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانو ڕەواجی زمانی کوردی، کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا دە ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕو کچی هەبآ کە عومری ئیقتیچای خوێندن بکا، دەبآ بینێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕآ، بە توندترین موجازات تەنبآ دەکرآ)).

بەوپێیە، کوردی کرایە زمانی خوێندنو نووسین لە دائیرەکاندا؛ تەنانەت خوتبەی ڕۆژانی جومعەش کرا بە کوردی. ئەو هەلومەرجە وای کرد، بەبآ ئەوەی ئەو قۆناغە پێویست بکات، بکەونە قسە لەسەر ئەلفوبآی کوردی، لێرەو لەوآ داوای گۆڕینی بکرآ بە ئەلفوبێیەکی ئاسان (ژ١٠، ل٤؛ ژ٢١، ل٣؛ ژ٢٥، ل٣).

بژارو پاککردنەوەی کوردی لە وشەو زاراوەی بیانیو بەکارهێنانی کوردییەکی پەتیو ڕەوان، دەست پآکرا. ناووزاراوە عەسکەریەکان، بە فەرمانو بڕیاری پێشەوا، کرانە کوردیو لە "کوردستان"دا بڵاوکرانەوە، تا لەناو هێزی پێشمەرگەدا جێگیربنو بەکاربهێنرێن (ژ١٣، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٣).ڕۆژنامەوانیی کوردی دیوی کوردستانی عیراق، بە تایبەت گۆڤاری "گەلاوێژ"، لەم ڕووەوە کاریگەریی هەبوو.

ئەم زاراوانە وەکوو داهێنراو و کوردیی پەتی بەکارهێنراون:
پشکنێر، پشکن: موفەتیش/ ژ١، ل٢؛ ژ٢٩، ل٣
وشیار: لەبری هۆشیار/ ژ٢، ل٢
خۆڕسکاو: تەبیعەت/ ژ٦، ل٣
گەڕۆک، بزۆک: ئوتومبیل، سەیارە/ ژ٦، ل٤؛ ژ٢٦، ل٣
دانێر: دانەر، مؤلف/ ژ٧، ل١
بویژ: ئەدیب/ ژ٧، ل٤
ناساندن: بەیعەت/ ژ١٠، ل١
بیر: فکر/ ژ١٩، ل١
کانگا: بارەگا، بنکە/ ژ٢١، ل٤
نوێنەر: پەیامنێر، وەفد، ممپل/ ژ٢٣، ل٤
کێشە: شەڕ، گێچەلڕ (کێشە پآفرۆشتن)/ ژ٣٢، ل١
خەلساندن: ڕزگارکردن/ ژ٤١، ل١
چەرخ: سەدە، ١٠٠ سالڕ/ ژ٥٤، ل١
کشتوکێل: زەراعەت، کشتوکالڕ/ ژ٥٥، ل١
وەڵام، وەڵامدان، وەڵامدەر: هەوالڕ، هەواڵدان، هەواڵدەر/ ژ٦٠، ل٢
حاملاندن: پەروەردەکردن، تربیە/ ژ٧٨، ل١
کۆمەلڕ: مجتمع/ ژ٧٨، ل١
زاراوەکانی (هاوپەیمان، نووسەر، پآپیرۆزە، مێژوو ...)یشلە نموونەی وشەی تازە دەرکەوتوو و باوی ئەم سەردەمەکەن.

ماویەتی بۆ ژمارەی داهاتوو

# ئەردوغان و لۆزانێکی تر

عەبدوڵا کەریم مەحمود

دەوڵەتی تورکیا ، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆماری تورکیاوە تا ئێستا، بە زەبری سوپا زنجیرە کۆمەڵکوژی کوردی لە باکوری کوردستان ئەنجام داوە.

لۆزان پلان و بەرنامەو نەخشەی نیودەوڵەتی زلهێزەکانی دنیا بوو، بۆ دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ، بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک.

لە 24. 7. 1923 لە رێکەوتن نامەی لۆزان، لە شاری لۆزانی سویسرا، لە نێوان ( بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ژاپۆن و یۆنان و رۆمانیا و سربیا و کرواتیا و سلۆنیا و تورکیا واژوو کرا.

لۆزن سیناریویەکی داخراو و نهێنی نیودەوڵەتی بوو، لە نێوان بەریتانیای عوزماو فەرەنساو مستەفا کەمال ئەتاتورکی، سەرۆکی دەوڵەتی تورکیای نوێ، بۆ سڕینەوەی مافی چارەنوسی کورد لە نیشتمانەکەی، لەسەر نەخشەی جیهان.

ئەو سیناریۆ کۆنکرێتییە لەو کۆنگرەیە، بۆ بەتاڵ کردنەوەی مادەی 62 و 63، 64ی سیڤەر بە جۆرێکێک دارێژرابوو، ناوی کورد و مافە سەرەتاییەکانی، بەتاڵ کردوە.

لە لۆزانی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە، تا ئەردۆغانی ئەتاتورک ی ئێستا، ئەوە 100ساڵە کورد لە سەدان سیناریۆی جیاجیادا، لە نیشتمانەکەی دا کۆمەڵکوژ دەکرێ.

هێزەکانی سوپای دیموکرات (هەسەدە )، لە شەڕی بەرگری و رووبەرووبونەوەی داعش و گروپەکانی سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدە، لە رۆژئاوای کوردستان، گەورترین سەرکەوتنیان بە خوێنی 11هەزار لە شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە تۆمار کرد.

لە بری رێزو پیزانین بۆ ئەو هەمووو قوربانی سەرکەوتنانەی هێزەکانی سوپای دیموکرات، رژێمی ئۆردوغان و بەشارئەسەد، بە هەموو توانایانەوە دژایەتی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانیان کرد.

ئەمەریکاو روسیاو وڵاتانی ئەوروپا و بەریتانیا، وەک سیناریۆی سیاسی و نێودەوڵەتی، لە لۆزان جارێکی تر پشتیان لە هێزەکانی سوپای دیموکرات کرد.

ترامپ لە ناسکترین بارودۆخدا، بڕیاریدا هێزەکانی ئەمەریکا لە سوریا بکشێنەوە، ئەو بڕیارەی ترامپ لەو هەل و مەرجە ناسک و دژوارەدا، جۆرە سیناریۆیەکی نهێنی بوو، راستەوخۆ بواریان رەخساند بۆ سوپای پیادە و هێزی ئاسمانی تورکیا، بە هەموو توانای مادی و مەعنەویی و میدیاکانیانەوە، هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات لە رۆژئاوای کوردستان.

رەجەب تەیب ئەردوغان بە نیازبوو، جینۆسایدی کوردەکانی باکور بکات و نیشتمانەکەیان بسڕیتەوە، دەست بەسەر بیرە نەوتەکان و سەرچاوەی کانزایی رۆژئاوای کوردستاندا بگرێت. بۆ ئەوەی بە خوێنی کوردی رۆژئاواو بە نەوتی کوردستان ژێر خانی ئابوریی تێک شکاوی تورکیا ببوژێنێتەوە.

ستەفا کەمال ئەتاتورک لە 1923ەوە بە کوردەکانی باکوری کوردستانی دەوت: تورکی شاخاویی، ئەردوغان دوای 100 ساڵ بە سەر لۆزاندا ، نەک لە باکوری کوردستان، لە رۆژ ئاوا و باشوری کوردستان، بە بەرچاوی هەموو میدیاکانی دنیا کۆمەڵ کوژی کورد دەکات.

زلهێزەکانی دنیاو سەرکردەی سیاسییەکان و کوردو حکومەتی هەرێم، زانایانی ئاینی زیارەتی ئارامگای مستەفا کەمال ئەتاتورک دەکەن و پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی ئەردۆغان دەکەن.

ئایا ئەم هاوکێشەیە لاسەنگی زلهێزەکانی دنیا و ئەم ستراتیژە نێو دەوڵەتییە و ئەم دوو فاقیەی سەرکردەکانی کورد و زانایانی ئاینی، سیناروێ لۆزانێکی تر نیە بۆ ئەردۆغان؟



# ئەسیری

شاعیری نەتەوەیی ناوداری کورد عەبدولخالق حسێنی نەقشبەندی، لە ساڵی 1890دا لە شاری کەرکووک چاوی ژیانی هەڵێناوە و لەباوەشی بنەماڵەیەکی ئایینی زانست پەروەردەدا ژیاوە لە گەشتی خوێندنی مەلایەتییدا گەلێک شاری کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات گەڕاوە لە کۆتایی گەشتەکەیدا بەڵگەنامەی زانستی لە کەرکووک لەمەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووری وەرگرتووە.

لە ساڵی 1920دا چووەتە ئەستەمبوڵ و لەو گەشتەیدا چاوی بەنەجمەدین ئەفەندی برا بچووکی و شێخ عەبدولقادری شەمزینی کەوتووە کە خەریکی خەباتی کوردایەتی بوون و لەسەر دەستی ئەوان وانەی خەباتی نەتەوەیی فێربوو، بۆیەکە لە 1921دا گەڕاوەتەوە کەرکووک و دەستی بەخەباتی کوردایەتی کردووە و شیعری نەتەوەیی هۆنیوەتەوە، تاکوو بووتەشاعیرێکی ناسراوی کورد و لەگەڵ شاعیرانی وەک ئەحمەد موختار جاف و فایەق بێکەس و مەلای گەورەی کۆیە جێی حاجی قادری کۆییان لەهۆنینەوەی شیعری نەتەوەی گرتۆتەوە.

ئەم شاعیرە نەتەوەییە بەجەرگەی کورد لە تەمەنی 72 ساڵیدا لە رۆژی 18-06-1962 دا کۆچی دواییکرد و لە گۆڕستانی شێخ میحەدین لە کەرکووک بەخاکی نیشتمانەکەی سپێردرا.

ئەسیری شاعیر لە منداڵیدا بە قوتابی لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغا لای حاجی مەلا محەمەدی وەستا فەتاح خوێندوویەتی، لە هەژدە ساڵیدا چووەتە فەقێیەتی لە هەورامان، هەڵەبجە، جوانرۆ، بانە، سەقز، سنە و چۆڕ و لەم شوێنانە خوێندوویەتی. لە دواییدا لە کەرکووک لە خزمەت مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی تەحسیلی علوومی بەلاغەت و ریازیاتی کردووە. ئیجازەی عیلمی وەرگرتبووە و چووەتە ئەستەمبوڵ. لە ئەستەمبوڵ، ئەزمیر و بەیرووت کە چاوی بە کاری رێکوپێکی خۆراوایییەکان دەکەوێ، بە چ جۆرێ بڵند بوون، گەل و نیشتمانەکەی خۆی دێتەوە یاد و بە یەکجاری بیری دەگۆڕدرێ. کە لە ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە، هەرچی هەڵبەستی خۆی هەیە کۆی دەکاتەوە و دیانسووتێنێ، چونکە ئەویش وەک شاعیرانی تر هەڵبەستی خۆشەویستی و ستایش و بەربەرەکێ (هەڵبەستی هەجو) وتووە. لە پاش سووتاندنی هەڵبەستەکانی سەودای گەل و نیشتمان دەکەوێتە سەری و دڵی گڕ دەگرێ و دەس دەکا بە هۆنینەوەی هەڵبەستی نیشتمانی.

ئەسیری لە نووسینی شێوەی ژیانیدا بۆ هاورێکەی گیو موکوریانی دەڵێ: لە ساڵی 13ی میلادی، کە هاوین چووەتە کوردستان شاری سلێمانی، بانە و وا دەردەکەوێ کە 18 ساڵان بووبێ، واتە ساڵی 1895ی زایینی لە دایک بووە، نەک وەک ئەوەی لە سەرەوە نووسراوە 1890.[1][2]

لە کوردپیدیا وەرگیراوە





# شیلان جەبار

1976لە سلێمانی لەدایکبووە.
1996 -پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.
1994 -یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.
1997 -دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی.(media digital web desogn)
1998 -سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی ((un لە سلێمانی.
2004 -چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (میدیا دیجیتاڵ وێب دیزاین) تۆرنتۆ- کەنەدا.
-2023 2006 -بەشداری (20) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، سوریا، کەنەدا، هەولێر، کەرکوك.(
-ئەندامی هونەرمەندانی شێوەکارانە لە(scarborough art council) ی کەنەدییە.

























# حزب لە هەرێمی کوردستاندا مۆدیلی خێڵ یان مۆدێرن ؟

## سیروان حەمەڕەشید.

سەرەتا گرنگە چەمک و پێناسەی حزبی سیاسی بکەن و دواتر لەسەر فۆڕم و ستراکتۆری حزب لەهەرێمی کوردستان بدوێن. ..

*چەمک و پێناسەی حزب

(جەیمس مادیسون) پێناسەی حیزب دەکات و دەڵێت:" بریتیە لەکۆمەڵێک هاوڵاتی چ زۆرینە یان کەمینە، ئامانجێکی هاوبەش ، یان بەرژەوەندی هاوبەش یەکیخستوون لەبەرامبەر مافەکانی هاوڵاتییانی تردا، یان بەرامبەر کۆی بەرژەوەندییە هەمیشەییەکانی کۆمەڵگە"

هەروەها حیزبی سیاسی هەیە لەسەر ڕێباز و بەرنامەیەکی تەکتیکی و ستراتیژی نیشتمانی ئامانجداری دادەمەزرێت و کاری ڕێکخراوەی دەکات، یان حیزبی سیاسی بریتیە لەڕێکخستنی کۆمەڵێک تاک دەگرێتە خۆی کە بۆچونێکی فیکری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و بڕوایان بەئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆژی هاوبەش هەیە و کار بۆ سازانی ڕای گشتی دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەدیهێنانی بەرنامەکانی و لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات کردوویەتییە ئامانجی سەرەکی خۆی.

هەروەها حزب لەدیدگای (ئۆستن ڕنی)ەوە «دەڵێت: حزب بریتییە لەکۆمەڵێک ڕێکخراو، کەسەربەخوییەکی خودییان هەیە، پاڵێوراوەکان دیاری دەکەن بۆ بەشداری لەململانێ هەڵبژاردنەکان لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات»

*مێژووی حزب لەباشوری کوردستان

مێژووی حزبی سیاسی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی سەدەی بیست ، لەو کاتدا عێراق و کوردستان بەدۆخ و هەلومەرجێکی سەختدا گوزەری دەکرد، لەژێر کاریگەری بیر و تەوژم و ئاسەواری داگیرکاری ئینگلیز و خۆرئاوا و ڕەوتی کۆمۆنیزمیدا لەدایک بوو، بێ ئەوەی عێراق و کوردستانیش قۆناغ و سەردەمی و خێڵ و نۆرمی چەقبەستووی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی تێپەڕاندبێت ، واتە لەدایکبوونی حزبی کوردی بەرئەساسی بوونی کەلتور و فیکر و فەلسەفەی سیاسی لەدایک نەبووە، بەڵکو ئەو مۆدێل و جۆرە حزبایەتییە لەماوەی (90)ساڵی ڕابردووی بەراوردی لەنێوان حزبی دیموکراسی و مەدەنی ئەو فۆرم و پێکهاتەی سۆسیۆسیاسیەی حزبی کوردی بکەێن...

ئەوا لەو روانگەیەوە توشی سەرسوڕمان و ئەوپەڕی شۆک و نائومێدی دەبینەوە!!!

* سیستمی حزبایەتی

بەپێی پێوەر و ستانداری نێوەدەڵەتی دوو جۆری سەرەکی سیستمی حزبی سیاسی هەیە.

یەکەم/ سیستمی حزبی کێبڕکێیەکان . لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراسیدایە ئەویش

ا-سیستمی دوو حزبی ، ب- سیستمی فرەحزبی.

دووەم/ سیستمی حزبی ناکێبڕکێیەکان، ئەویش بریتییە لەسیستمی تاک حزبی. لەسەر تایپی حزبی ستالینی و سیستمە دیکتاتۆرەکانە..

دەتوانین زۆری بەئاشکرا بڵێین حزبەکانی کوردستان سەر بەهیچ جۆرە لەو پارادایم و سیستمی سیاسی و حزبایەتی نین و داخراو نامەدەنین،

چونکە لەئەساسدا ئێمە شتێکمان نییە حزبایەتی لەسەر پڕەنسیپ و خەسڵەتەکان فۆرمەڵەکرا بێت.

لە کاتێکدا دیمەنی شکستی بەڕێوەبردنی وڵات و مایەپوچی سیاسی و ئابووری و لاوازی ڕۆڵ و پێگەی هەرێم لەئاست ڕووداو و هاوکێشە و ململانێ و ناوچەیی نێودەوڵەتیی دەبینین ، دەگەینە راستگەڵ و دەرئەنجامێک کە فاکتەر و هۆکاری بنەڕەتی بەشێکی ئەو کێشە و قەیرانە قوڵەکان کەپەیوەندی راستەوخۆییان بەم فۆرمە هەرە ناشیرینەی حزبی کوردییەوە هەیە.

گرنگە بڵێین ئەم مۆدێلە لەحزبایەتی بۆتە برینێکی قوڵی ئێجگار مەترسیدار بەجەستەی سیاسی هەرێم و خەڵکەوەیە، بەڕادەیەکی ترسناک تادێت نزیک دەبینەوە لەمەرگ حەتمەتی قەواری هەرێم و گەیشتن بەچارەنوسێکی نادیار.

واتا حزب پێش ئەوەی رووگەیەکی سیاسی هەبێت ، لەهەمانکاتدا ئامرازێک بێت بۆ چاکەی گشتی و هاوکات ماناو ڕەهەندی فەلسەفی و فیکری هەیە کە خزمەت بە گەشەسەندنی ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات و دەبێتە مایەی چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی .

بێگومان هەرحزبێک هەناسەیەک لەدیموکراسیەت و بڕوابوون بەیاسا و حکومڕانی رەشید و دەستاودەستی دەسەڵاتی تێدا بێت. نە چەکداری و میلشاگەری و هێزی ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەگەر دیقەت لەحزبەکانی باشور بدەین حزبی خاوەن چەک و پارەوە هەم مێژوویەکی خوێناوین لەبراکوژی و هەم هێزی چەکداری نانیشتمانی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەکار هێناوە . تەنانەت مەکتەب سیاسی و بەناو بەرپرسی وەها دەبینن هێزی چەکداری بەناوی خۆوەی هەیە.. تەنانەت لەهیچ وڵاتێکی دونیا پاسەوانیشی پێ نادەن و بەشایستەی کارێکی گونجاوی نییە.

* ناسین و تێگەیشتن لەحزب

هەروەها گرنگە بۆ ناسین و تێگەیشتنی لە حزب کۆمەڵێک فاکتەر و لایەن لەبەرچاو بگرین.

1- ڕۆڵی ڕابەرایەتی و ڕەوشی هەڵبژاردنی ڕابەر
2- پلەی دیسپلینی ڕێکخراوەیی
3- دەسەڵاتی ڕابەرایەتی لەپەیوەندیدا لەگەڵ زەنجیرەی ئاستەکانی حزب، ڕادەی پشکەکانی دیسپلین، چۆنییەتی بەشداریکردن لەبڕیارەکان و داڕشتنی سیاسەتەکان.
4- ڕامکردنی بیرۆکراسی ناوحزب
5- پەیوەندی باڵی پەرلەمانی حزب لەگەڵ هەمو حزبدا
6- پایە و ڕادەی ئەندامێتی لەنێو حزبدا.

* ئەرکەکانی حزب.

حزبی هاوچەرخ و خاوەن پڕەنسیپ و بەرنامە لەهەناوی کەلتور و کەلەپورێکی دەوڵەمەندی دیموکراسی و مەدەنییەت و سیکۆلارەوە لەدایک دەبێت و بەر ئەساسی خواست و پێداویستی جڤات و پرۆسەی سیاسییە، ئەم جۆرە لەحزب هەڵگری جیهانبینی و پرۆژ و پلانی خزمەتکردنی خەڵک و نیشتیمان و بەرژەوەندییەبالاکان، بەڵام حزبەکانی هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوە لەهەناوی کەلەپوری خێڵ و ناچەگەری و بێ هیچ ستراتیژی نیشتیمانی ۆ جیهانبینی پێشخستنی جڤات و وڵات هاتونەتە درێ ، لەگەڵ ئەوەشەدا بەپێ ڕووداوە مێژووییەکان حزبایەتی لەکوردستاندا بونەتە بارگرانی و ئاڵنگاری و نەخۆشی کوشندە بەسەر جەستە خەڵک و نیشتیمانەوە، لێرەدا ئەرکەکانی حزبی هاوچەرخ پۆلێن دەکرێت.

1- ململانێی هەڵبژاردن
2- داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان
3- ڕووبەڕوونەوە و ڕەخنەگرتن لەحکومەت
4- پەروەردەیی سیاسیانەی خەڵک
5- میانجگەری نێوان حکومەت و خەڵک
6- ئاسانکاری بۆ کاری حکومەت و پەرلەمان دەکات.

ئەمڕۆکە واقیعی تاڵی کوردستان باش دەبینن حزبی کوردی کەچ دۆخێکی مەترسداری بۆ خۆیان و هەرێمی کوردستان خوڵقاندووە..

لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین ئەوەیە تا ئەم هەرێمە خاوەن ئەو مۆدێلە زۆر ناشیرینە لەحزبایەتی هەبێت بەدڵنیاییەوە سات بەسات سەرتاپای جەستەی هەرێم زیاتر سیخناخ و بارگاوی دەکرێت بەقەیران و کێشەی هەمەجۆرو شەقار شەقارکردنی زیاتری کەرامەت و هەستی بەرپرسیاریەتی میللەت .

حیزبەکانی باشور لەپێناو گرتنەدەستی دەستەڵات لەلایەن خوێنی یەکەمی سەرکردەکانی شاخەوە توشی دەیان کێشەی ناوخۆیی بونەوتەوە واتا حیزبەکان لەم قۆناغەدان ، کە ئەمەش بێبەری نەبووە لەو ناوکۆکیە مێژوەییەی کە لە شەستەکانەوە تا ئەم ساتەوەختە دەست ، هەمو ئەمانە وای کردوە کە ئەوەی پێی دەوترێت متمانەی گشتی بە حیزبی کوردی هیواکوژ بێت و نەتوانرێ هەم هەڵبژاردن بکرێت و هەم کێرڤی دەنگدەر (هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ) بەرەوە سفر بچێت .

هەڵبەتە وەک باسمانکرد لەسایەی مۆدێلێکی نادروست و زۆر تەقلیدی دۆخی خیانەت و گەندەڵ و بێ یاسایی و مشەخۆری و فەوزا و بێ مافی خەڵک و پێشلکاری زۆری مافەکانی مرۆڤ و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مەترسی جدی لەسەر ئازادییە تایبەتی و گشتییەکانی جڤات و لە هەرێمدا بەم ئاستە گەیشتووە, کە بەتەواوی مانای خۆی لەدەستداوە و بەچەشنێک حزب بۆتە چەک و ئامرازێکی ترسناک بەدەست گروپگەلێکی نەخوێندەوای و نابەرپرسیار ، بەزەبری هێزی میلشاو و تاڵانی سەروەتی نیشتیمانی و خەڵکی و بچوککردنەوەی پانتای سیاسی بۆ پانتایەکی ئێجگار بچوک و دەسەڵاتگەری خۆسەپێنن ، دواتر حزب وەکو ئامرازێکی ستەمگەر بەکار دەهێنن و ... بەرئەنجامی ئەم شێواندنە زیاد لەچەند دیاردەی ئێجگار ناشیرین دروستبوون: ، وەک خیانەت و گەندەڵی و سەرکوتی و کوشتنی هەمو ئینتمایەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دیاردەیەکی بێزلێکراوە و قەدەغەکراوی مێژوویییەوە گۆڕاوە بۆ ڕێگایەکی پەنا بۆ براوە، حزبی, بەشێوەیەک بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ و مانەوە بێ سڵەمینەوە ئەنجامی دەدەن.

 ئەنجامگیری:

وەک لەناوەڕۆکی بابەتەکەدا هێمامان بۆ کردوە حزب لە هەرێمی کوردستاندا دەرهاویشتەی کەلتور و کەلەپوری چەقبەستوی خێڵ و ئایینیە و بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بەفیکر و فەلسەفە و جیهانبینی مۆدێرن و پێشکەوتووە نییە، هەروەها حزبەکان وەک پێداویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سروشتی لەمنداڵدانی دیموکراسی و مەدەنییەتەوە لەدایک نەبوون، هەر ئەم جۆر مۆدێلە زۆر خراپەیە وای کردوە کە حزب ببێتە گەورەترین باڵا و بارگرانی بەسەر ژیان خەڵک و نیشتیمان و دروستکردنی ململانیی و قوڵکردنەوەی ناکۆکی سیاسی و چاندنی تۆی دووبەرەکی و بوغز و ڕووحی تۆڵەکردنەو و کوشتنی خەونە تایبەتەکانی ئینسانی ئێمە، بەکوردی و کورتی گروپگەلێک خۆی وەک حزب نیماش دەکەن، کەم و زۆر پەیوەندییان بەئەخلاق و هەستی نیشتیمانەوە نییە و دوژمنی سەرسەختی دیموکراسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و چاکەی گشتی و مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتن ، دۆستایەتی گەرم و گوڕیان لەگەڵ گەندەڵی و تاڵانی و لەمرۆڤبخستن و نیشتیمانسازی و هەموجۆرە پێشکەوتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەتەوە هەیە..تاکە چارەسەر گۆڕینی بنەڕەتی و ڕیشەی ئەم چەشنە لە مۆدیلی ناشیرینەی حزبایەتی هەیە...

سەرچاوەکان:

2-بنەماکانی زانستە سیاسیەکان. د. عەبدولڕەحمان عالم. وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵا و محەمەد کەریم .
2-پێگەی حیزب لەسیستەمی سیاسیدا. د. سالار باسیرە.
3- زەمەن پرێس، حیزب و متمانەی گشتی وتاری بەختیار شارەزووری و سەرکەوتی جیهاز لە( 26-12-2022)



## کوردانی جوو لە خێوەتگای تاران، ساڵی 1950

کۆمەڵێک کوردی جوو لە سەروبەندی ڕاگواستنیان لە کوردستانەوە بەرەو ئیسرائیل لە خێوەتگای کاتی تاران ساڵی 1950، وەک لە تۆمارەکەدا ئاماژەی پیکراوە؛ خێوەتگاکە لە لایەن ڕێکخراوی پەنابەرانی جولەکەوە دابین کرابوو ( Jewish Agency for refugees). وێنەکە لە لایەن (Beth Hatefutsoth) گیراوە.

لە کوردپیدیا وەرگیراوە







# پێشانگای دۆکۆمێنتاری

ڕێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلێمانی بۆ پاراستنی مێژوو کلتور و گەشەی کۆمەڵایەتی لەڕۆژی 2023/5/18 پێشانگای وێنەی دۆکۆمێنتاری نەبینراوی بۆ 165 خانەوادە ئەنجام دا کەمەبەست لەم پێشانگایە کۆکردنەوەی ئەرشیف و مێژووی خانەوادەکان بوو وە ئاشنا کردنی بە نەوەی ئێستا ، وە پیشاندانی وێنەکان گوزارشت بوون لەجۆری ژیان. و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو وەڕۆڵی کەسایەتی و خانەوادەکان لەبونیادی پایتەختی ڕۆشنبیری

پێشانگاکە لەباخچەی سەرای سلێمانی نمایش کرا کەدەستەی ئامادەکار و پشتیوانی بەڕێزان :

١-خاتوو نەجات مەزهەر ئەحمەد


٢-کامەران عبداڵە بابان

٣-ئامانجی مامۆستا عومەر

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ڕێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلیمانی ئەمە سێهەم پێشانگایە کەلەماوەی دووساڵدا ئەنجامی داوە









قوتابخانەی نمونەیی سەعادەت 1919


مەکتەبی فەیسەڵیە 1953


عادل جەمال عیرفان


خانەوادەی جەمال نەبەز 1956


ئەندازیار شنۆ شێخ لەتیف حەفید 1978




1967
مێژووی تیپی مۆسیقای سلێمانی

# بە بۆنەی سەد ساڵەی پەیمانی لۆزانەوە



بەهۆی ئەوەی ئارەزوم لە خوێندنەوەی مێژووە زۆربابەتی مێژوویی دەخوێنمەوە بەتایبەت لەسەر رەچەلکی کورد و مێژوی کۆن و نوێی, هەر ووتارێک یا چاوپێکەوتن سەبارەت مێژوو کرابێ دەگمەن هەبووە نەیخۆێنمەوە یا گوێی لێنەگرم... دەتوانم بڵێم ئەم بابەتەم دەمێکە لا گەڵاڵە بووە هەرجارەی یا بڕگەیەکم لێ لابردووە یا بۆزیاد کردووە..

لۆزان هەندێ جار بە پەیمانی لۆزانی دوو دەناسرێ چونکە ساڵی ١٩١٢ پەیمانی ئوشی هەبووە کەبەپەیمانی یەکەمی لوزانە و هەموان دەزانین بەناوی شاری لۆزانی سویسری ناونراوە دوای گفتوگۆیەکی چڕو پڕ ئینجا پەیمانی لۆزان مۆرکرا. کۆنگرەو کفتوگۆی لۆزان لە تشرینی دووەمی سالی ١٩٢٢- ١٩٢٣ لە نێوان تورکیاو لەلایەک و بەریطانیاو فەرەنسای کۆماری سێیەم کە ریمۆن بۆنکاریە سەرۆک وەزیرانی بوو, لۆرد کرزۆن سەرۆک وەزیرانی بەریطانیا بوو تازەش بیتیۆ مۆسولینی گەیشتبوە دەسەلات لە ئیتالیا سالی ١٩٢٢ .

چەند جارێک ئەو گفتۆیە تەگەرەی تێکەوت بەهۆی ئەوەی لە ٤ی شوباتی ١٩٢٣ شاندی تورکی بەسەرۆکایەتی عیسمەت ئینۆنۆ رەتیان کردەوە واژوی لەسەر بکەن و پێی رەزامەند بن و دواتر پەیماننامەی لۆزان واژوو کراو پەیماننامەی سیڤەریش بەتاڵ کرایەوە. لەزۆر سەرچاوە باس لەوە دەکەن هاوپەیمانان بەوە رازی بوون کە ئەو کۆمارە بۆ تورک وکورد دروست بکرێ بەلام بەفرت و فێل و تەلەکەبازیەکانی کەمال ئەتاتورک چەند نوێنەرێکی کوردی هێنایە پەرلەمان و بەزمانی خۆیان گوتیان ئیمە نامانەوێ لە تورک جیا بینەوەو دواتر حەسەن خەیری و چەند کەسێک بەهۆی ئەوەی بەجلی کوردیەوە چونەتە ناو پەرلەمان دادگایی کران و لەسێدارە دران کەتاکو ئیستاش زمان و جلی کوردی لە گەلێکی ٤٠ ملیۆنی لە باکوری کوردستان قەدەغەیە.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وڵاتانی سەرکەوتوو چەندین رێککەوتننامەی جۆراوجۆریان دەربارەی پرسە هەڵپەسێراوەکانی جیهان خستە بەر باس، یەکێك لەو پەیماننامانەی کەوا تاکو ئێستاش کاریگەری زۆری بەسەر جیهاندا ماوە پەیمانی لۆزان بووە.کە وولاتانی تریش بەشدار بون وەک یۆنان و ژاپۆن وئۆکرانیا وبولگاریاو جۆرجیا وتەنانەت ئەرمینیا .... بۆزانیاری خوێنەران تورک سەرەتا دەیویست لە شاری ئەزمیر بگیرێ تا زۆرترین دەستکەوتیان هەبێت و ئەتاتورک خۆی سەرۆکایەتی شاندەکە تورک بکات بەلام هاوپەیمانان بەوە رازی نەبوون بۆیە برایە لۆزانی سویسری.

لەم رۆژانە سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی لۆزان تێدەپەرێت واتە لە (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣-٢٠٢٣)لۆزان کۆتایی دێت, لۆزان شارێکی سویسرایە, ئەو پەیماننامەیە لەوێ دەرکەوت ,لەنێوان وولاتانی سەرکەوتووی جەنگ ئەنجامدرا، ، بۆ یەکەمجار وڵاتانی رۆژئاوا و زلهێزەکان لەگەڵ تورکیای نوێ کەوتنە گفتوگۆ و دانیشتنەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا (عیسمەت ئینۆنۆی) سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك نوێنەری حکومەتی تورکیا بەشداری تێدا کرد، یەکێك لەو کێشانەی باسی لێوە کرا کێشەی ویلایەتی موسل بوو، کەوا لە نێوان تورکیا و عێراق (بەریطانیا) لە دوای جەنگ لە نێوانیاندا سەریهەڵدا، هاوکات کوردیش وەکو رەگەزێکی ویلایەتی موسڵ کەوتە ناو ئەم کێشەیەوە . لە دوای سەد ساڵ و بە دیاریکراوی لە (٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٣) کۆتایی بەم رێککەوتنامەیە دێت، لێرەدا چەندین بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر لەلایەن سیاسی و مێژوونووسانەوە دەخرێتەروو، بەتایبەت دوای تەواوبوونی ماوەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کێشەی ویڵایەتی موسڵ هەر وەکو خۆی دەمینێتەوە ؟، یا گۆڕانکاری بەسەر دێت؟

چونکە چەندین سیناریۆی جۆربەجۆر دەخرێنەروو بەتایبەت تورکیا چەند جارێك لەسەر زاری بەرپەسەکانیو بەتایبەت سەرۆک کۆمارەکەی هەرەشەی گەڕانەوەی کردووە، یان گۆڕانکارییەکی دیکە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان روودەدات ، هەڵبەتە ئەوانە هەمووی جێگەی مشتومرن بە دیاریکراویش دۆزی کورد لەم نێوەندەدا باسوخواسی زۆری لەسەر دەکرێت، لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە چەند رەهەندێکی جۆر بە جۆری ئەو پرسە بکەین.وەک کاک مەلا بەختیار لە کۆنفراسی سەدسالەی لۆزان و هیوای خواست کەنەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانبەتایبەت حیزبە سیاسیەکان باش لە سیاسەتی نێودەولەتی تێگەیشتبین بەبڕوای من کە تێێنەگەیشتوین.

ئەم رێکەوتننامەیە یا پەیماننامەیە لە دوو خولی دانیشتن و گفتوگۆ پێکهاتبوو، خولی یەکەم: لە ڕێکەوتی (٢٠تشرینی دوومی١٩٢٢بەسترا و لە٣١ کانوونی دووەمی١٩٢٣) کۆتایی بە کارەکانی هات.

خولی دووەم: لە ڕێکەوتی(٢٣ نیسانی١٩٢٣ و لە ٢٤ تەموزی١٩٢٣) کۆنگرەکە کۆتایی هات. ئەم پەیماننامەیە چەندین برگەی لەخۆگرتبوو لە برگەکانی ( ٣٧- ٤٥ ) باسی مافی کەمە نەتەوەکانی چوارچێوەی دەولەتی عوسمانی دەکرد کە تورکیا وابڕیاری بوو مافی ئازادی زمان و ئاین و رۆژنامەگەری و بازرگانی و چالاکی سیاسی بە گەلانی ژێردەسەلاتی خۆی بدات.

ئەم پەیماننامەیە بە غیابی کوردبوو لەکاتێکدا لەمەوە ویلایەتی مووسل خرایە سەر عێراق. ئەوەی جێگای باسە، کریزۆن لە پاشەکشەکردن لە بەندەکانی سیڤەر ئامادەیی دەوڵەتی بەریتانیای دەربڕی بە مەرجێك تورکیا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دا ، بەمەش دەیویست تورکیا لە رووسیا دووربخاتەوەو بەرژەوەندیەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دڵنیابکاتەوە ،بەریتانیا هەرگیز مەبەستی دامەزراندنی دەولەتی کوردی نەبووە، بەلکو پەیمانەکە بۆ دانان و چەسپاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازە بوو، پێویست بوو تورکیا دانی پێدابنێت.

لە پەیمانی سیڤەردا هاوپەیمانەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەیان ویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز بکەن و سنوورەکەی لە ئەستەنبۆل دا بهێڵنەوە. لەهەمان کاتدا حکومەتی کەمالی نوێش لە تورکیا هەوڵی چارەسەری کێشەکانی لەگەل ئیتاڵیا و فەرنسا ئەدا. ئەوەی لە پەیمانی لۆزان دا کێشە بوو، ئەوەبوو ئایا ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر تورکیا یان بخرێتە سەر دەوڵەتی نوێی عێراقی سەر بە ئینتدابی بەریتانیا؟ لەگەڵ ئەمەش دا تورکیا بە مافی خۆی دەزانی و چەند پاساوێکی سیاسی وئابوری هەبوو تاکو ویلایەتی مووسل بخاتە سەر دەوڵەتەکەی، بەڵام کریزۆن نوێنەری بەریتانیا ئەم پاساوانەی تورکیای رەت کردەوە و لەم بابەتەدا هیچ ڕەچاوی خواستی کورد نەکرا،لەگەڵ ئەمەشدا مستەفا کەمال ئەتاتورك توانی رووبەرووی بەریتانیا ببێتەوە و هاوپەیمانی لەگەل یەکێتی سوڤیەتی ببەستێت.

سەرەتا دەبێت بزانین مەبەست لە بەستنی ئەم کۆنگرەکە چی بوو ؟ باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیای نوێ بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە، لەم کۆنگرەیەدا گەلێك بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستمی تەنکە دەریاییەکان و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەك قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی بێگانە خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

ئایا لەم رێککەوتننامەیە باس لە چارەنووسی کورد کرا یاخود نا ؟

بەهۆی ئەوەی هەندێ لەبەندەکانی ئەوپەیاننامەیە بەنهێنی ماونەتەوە بێگومان ناتوانین باس لە پەیمانی لۆزان بکەین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سیڤەری (١٩٢٠)، کە لە سیڤەردا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی یەك لاکەرەوە دەیانەویست دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز وپەرتەوازەی بکەن، تەنانەت ئەو دەوڵەتە لەسنوری ئەستەنبوڵدا بهێڵنەوە، واتە بەشێوازێك پەرتی بکەن، هەموو ناوچەکانی لێ جیابکەنەوە ئەوەش بەتایبەتی لەلایەن ئەو هێزەی کە تازە دروست بوو پێشتر بزوتنەوەی کەمالی بوو و تازە دەوڵەتی تورکیایان پێکهێنابوو بەسەرۆکایەتی ئەتاتورك، قبوڵ نەدەکرا، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی هەوڵی یەك لایی کردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیتاڵیا و لەگەڵ فەرەنسادا، ئەوە بوو جەنگی یۆنانی دەست پێکرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بێگومان هەموو ئەمانە وایان کرد بەریتانیا بەخۆیدا بچێتەوە و توانرا ئەو پەیماننامەیە بێتە ئاراوە و سەر لە نوێ پێداچوونەوە بە پەیماننامەی سیڤەردا کرا و بەوکارانەی پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی ئەستەنبوڵ کە دەوڵەتی سوڵتان بوو ئەو زەمانە کرابوو.

چەند جارێک ئیردۆغان وەک هەرەشەیەک باسی لە میساقی میللی کردووە ئەومیساقەش واتە گەڕانەوەی ویلایەتی موسل بۆ تورکیا کە ویلایەتەکانی کێشەی سەرەکی ئەم پەیماننامەیە کێشەی ویلایەتی موسڵ بوو،


ئایا موسڵ بخرێتە سەر تورکیا یاخود دەبێ سەربەو دەوڵەتە نوێیە بێت کە ناوی عێراقە لەژێر ماندێتی بەریتانیایە؟ تورکیا کۆمەڵێك پاساوی گرنگی خۆی هەبوو لەڕووی دیموگرافیاوە، لەڕووی دانیشتوانەوە تورکەکان پێیان وابوو زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بریتین لە کورد و تورك بۆیە ئەمە پاساوێکی بەهێزە تا بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، هەروەها پاساوێکی تری ئابووریشیان هەبوو کە بریتی بوو لەوەی بازرگانی و ئابووری ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدایە، واتە لەگەڵ باکووری کوردستاندایە ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە کاریان لەسەر ئەکرد، پاساوێکی تری یاساییان هەبوو تورکەکان ئەویش ئەوە بوو ئەیانوت ویلایەتی موسڵ لەکاتی جەنگدا داگیرنەکراوە، بەڵکو لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگس، واتە ئاگربەستی مۆندۆرس (١٩١٨) لەو کاتەوە ئەو ویلایەتە خراوەتە سەر عێراق واتە بەریتانیا هاتووە داگیری کردووە کە ئەمە پێشتر ویلایەتێکی عوسمانی بووە، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە پاساوێکی تریان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کوردەکان هاوسۆزی ئاینیان لەگەڵ تورکەکاندا هەیە. بۆیە عیسمەت ئنیۆنۆ هەموو ئەمانەی خستە بەردەم کریزون کە لەو کاتەدا نوێنەری دەوڵەتی بەریتانی بوو، هەموو ئەمانە پاڵپشتن بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا، بەڵام لەبەرانبەر ئەوە پاش دوو مانگ کریزۆن وەڵامی ئەم پاساوانەی دایەوە سەبارەت بەدیموگرافیا ئەوەی راگەیاند زۆرینەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ کوردن نەك تورك، هیندوئەوروپین ئەمەش لەڕووی نەژادەوە لەگەڵ تورکەکاندا بێگومان جیاوازن، لەڕووی ئابووریشەوە ئەوەی خستیبووەڕوو ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراقدایە واتە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدایە کە بەریتانیا ئەیەوێت، لەڕووی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە تورکیا ئاماژەی پێکردبوو کوردەکان ئەیانەوێت لەگەڵ تورکیادابن، ئەم ئەوەی راگەیاند کە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە کوردەکان بەبەردەوامی لەشۆڕشدابوون بەرانبەر بەدەووڵەتی عوسمانی تا جەنگی جیهانی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە وا لە بەریتانیا ئەکات دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ نەبێت، چونکە کوردەکان بەکرداری نایانەوێت بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە پێی ئەوترێت تورکیا، بەڵکە ئەیانەوێت لەگەڵ عیراقدا بژین، لەڕووی یاساییشەوە پاساوێکی تری تورکەکان بوو، دەوڵەتی بەریتانی پێی وابوو ئەبێ بخرێتە سەر عێراق، چونکە بەفەرمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوکاتە بەفەرمی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەر کاتێکیش هەر هەنگاوێك ئەنرێت ئەبێ بەرەزامەندی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێت بۆیە ئەمە گرنگترین ئەو پاساوانە بوون هەریەك لە دەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەیانخستە روو، ئێمە لێرەدا ئەوە بەدی ئەکەین، ئەوەی غیابی هەیە، ئەوەی هەژماری بۆ ناکرێ بریتییە لە کورد. ئەوەی پەیوەست بێت بە کورد لەم رێککەوتنامەیەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم رێککەوتنامەیە گەلە کۆمەکییەك بوو لە کورد کرا.

ئەنجامدانی ئەم رێکەوتننامەیە چەندین هۆکاری گرنگی لەپشتەوە بوو؟

گرنگترینیان ئەمانەبوون: یەکەم پێداچوونەوە بوو بەماددە و برگەکانی پەیمانی سیڤەر کە لە (١٠ی ئابی ١٩٢٠) لەنێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم واژۆ کرابوو.

دووەم: پێداچوونەوە بەسنووری دەوڵەتی عوسمانی ئەو دەوڵەتەی کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا شکستی خوارد و ناوچەکانی بووبوونە جێگای چاوتێبڕینی وڵاتانی سەرکەوتوو لەجەنگدا، سەرکەوتنی دەوڵەتی نوێی تورکیا کە لەسەر دەستی ئەتاتورك ئەو مانایەی وەرگرت کە لێرە بەدوا کۆماری تورکیا بەهیچ جۆرێك دەوڵەتی عوسمانی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین دەوڵەتە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەوە، وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگەکان لەبەرچاو بگرێت.

سێیەم: ئاوڕدانەوە لەو گەل و هێزانەی کە لەپەیمانی سیڤەردا رەچاوی مافەکانیان کرابوو، بەڵام دوای ئەو پەیمانە دژایەتی بەرژەوەندی وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگیان کرد، ئەم پەیماننامەیە قازانجی بۆ تورکیا تێدابوو، چونکە فەرنسا بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی دەستبەرداری سوریا بوو، هەروەها کێشەی نێوان تورکیا و یۆنانیش چارەسەر کرا، ئەوەی زەرەرمەند بوو تەنها کورد وئەرمەن بوو، چونکە نەیانتوانی گیانێکی سیاسی بۆ خۆیان دابمەزرێنن و ببنە خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان، بەڵام تورکیا هەر بە خەونی ویلایەتی مووسڵەوە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی لە گەل کوردەکان بەستا بە تایبەتی شێخ محمود و توانی خۆی لە کورد نزیك بکاتەوە و سوپای بۆ چیای حەمرین لەسەر سنورەکان نارد و زەمینەسازی بۆ راپەرینی کوردان کرد ،لێرەدا تورکیا سوودی لەلایەنی ئاینی و هەستی ئاینی کوردەکان بینی، چونکە پێیان وابوو کە کورد و تورکی موسلمان دەتوانن دژی بەریتانیا ناموسلمان بوەستن، بەڵام ئەوەی کوردی نیگەران کردبوو دروستکردنی دەوڵەتێکی مەسیحی بوو بۆ ئەرمەنیەکان، چونکە بەشێك لە کوردەکان لەلایەنی عوسمانیەکانەوە ماڵ و موڵکێکی زۆری ئەرمەنیەکان پێ بە خشرابووله کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ئەگەر دەوڵەتێك بۆ ئەرمەن درووست ببێت، پێویستە کورد ئەو ماڵ و موڵکەی پێبداتەوە کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو.



ئەوەی پێویستە بگووترێت، چارەنووسی گەلی کورد بەپێی پەیماننامەی لۆزان لە دەولەتی تازەی تورکیادا توایەوە، هەرچەندە شۆڕشێك لەلایەن کوردەوە لەدژی ئەم پەیماننامەیە ئەنجامدرا، بەڵام لەکۆتاییدا هەر شکستیان هێنا. هەروەها هەموو ئەو دەستکەوتانەی حکومەتی تورکیا بەدەستی هێنا لەسەر خاك و رەنجی کوردانی باکووری کوردستان بوو، کەتوانی هەموو سنوری دەولەتەکەی لە نفوزی دەولەتانی تر بپارێزێت و بناغەی حکومەتێکی بەهێز لە ئەنقەرە دابمەزرێنێ، لەهەمان کاتدا کوردیش نەیتوانی سوود لە ناکۆکی نێوان لایەنەکانی پەیماننامەکە وەربگرێت و لە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە، چونکە کوردەکان خاوەنی سەرکردە و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نەبوون، نەیانتوانی پلان بۆ پاشەرۆژی خۆیان دابرێژن.

لە کۆتایی دا دەگەینە ئەوەی لۆزان هەرچەندە ئەرمەن دەولەتێکیان بۆ دامەزراو سەرۆکی ئەمریکای ئەوکات رەزامەندی بۆ دەربڕی و توکیای پابەندی سنورەکانی کرد . ئەوەی زەرەر مەندبوو لە لۆزان کوردبوو. پەیاننامەی لۆزان ناوەرۆکەکەی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر بوو, بۆ نموونە لە پەیمانی لۆزاندا کورد جگە لەوەی وەکو نەتەوە ناوی نەهاتووە، ئەوا دانیشی پێدا نەنراوە، تەنانەت وەکو کەمینەیەکی بچوکیش لەتورکیا دانی پێدانەنراوە، چونکە یەکێك لەخاڵەکان ئەوەیە کە دەبێت تورکیا مافی کەمینە ناموسلمانەکان دابین بکات، لەبەر ئەوە کورد موسڵمانە ئەو خاڵە نەی دەگرتەوە، تەنانەت خوێندنی زمانی کوردیشی بۆکورد نەسەلماندوە زۆرجار بەزمانی قەلەباچکە ناویان بردووە وەك بەختیار عەلی لەرۆمانی داگیرکردنی تاریکی دەلێت، وەك بۆچونێك هیچ شتێکی مافە سیاسییەکان بۆ کورد دەستەبەر نەکردووە. چەند پرسێك ،کاریگەریەکانی ئەم پەیماننامەیە لەسەر کورد چی دەبێ؟ئایا ئەوە فشاری سیاسی وئابوورییەیا لە بەرژەوەندی تورك ؟ ئایا هەلوەشانەوەی چ کاریگەریەکی لەسەر کورد دەبێ بەپێی هەرەشەکانی سەرۆك کۆماری تورك کە باس لە هەلوەشانەوەی دەکات؟ چ کاریگەریەکی لەسەر کوردومافەکانی دەبێت؟ هەرچەندە بەپێی زانیاریم هەر پەیماننامەیەک کە ئاشتەوایی نێوان گەلان دەستەبەر بکات ئەو دەولەتانەی کە لەو پەیماننامەیە بەشداربون رێگەی پێنادەن هەلوەشێتەوە.

بەڵام رەنگبێ بەهەندێ لە بەندەکانی دا بچنەوە. وەك نمونە پارێزگای ئەسکەندەرون بەپەیماننامەیەک لەگەڵ فەرەنسیەکان لەسوریای دابران و خرایە سەر تورکیا وناونرا هاتای .... نمونەیەکی دیکە گەروە ئاویەکان بوو کە دەبوایە سەر بەبەرێتانیەکان بێت ئیستا هەموو دەسەلاتێکی لەدەست تورکیایە بەپێی پەیماننامەی مۆنشۆ ,ئەم دوو بابەتە دوای چەند سالێک لەواژوو کردنی لۆزان گۆرانکاری بەسەردا هاتوە لەگەڵ ئەوەش تورك هەرئەوە دوبارە دەکەنەوە کە لە مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان زەرەر مەند بوونە.

ئامادەکردن و نوسینی
عوسمان عومەر

تێبینی:
١٠ی ئایاری ٢٠٢٣
ئەم بابەتە لەچەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە

# گرواندنی پێستی قازیەک

تابلۆیەکی درامیە کە چیرۆکە ڕاستەقینەیە لەکاری جیرارد داڤید Gerard David ساڵی ١٤٩٨ وێنەی کێشراوە و هەر جیرارد خۆشی ئالتونسازوزێڕاو کردنی زۆرینەی دەستنوسە هۆلندیەکان ناسراوە وزۆر بەتوانا بوە لە وێنەکێشان و بەکار هێنانی ڕەنگ.


ئەو تابلۆیە چیرۆکی گرواندنی پێستی قازیەکی گەندەڵمان بۆ دەردەخات کەناوی سیسامنیس Sisamnes لەسەردەمی پادشای فارس قەمبیزی دووەم.

ئەو دادوەرە یا قازیە بەوە تاوانبار کراوە کە بەرتیلی وەرگرتوەو حوکمێکی ناداد پەروەانەی دەرکردوە لە زۆر بابەتی دادگا کە ئاشکرا بووە، پادشا بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکرد و بەزیندویی پێستەکەی بگرون و بەپێستەکەی کورسی قازیەکان روپۆش بکرێ بۆ ئەوەی هەر قازیەک لەدوای ئەوهات پەندێ بۆی تاکو هیچ دادوەرێک نەتوانێ ناحەقی بکات و بڕیاری نادادی دەربکات یا بەرتیل وەرگرێت.

ئەوەی جێی سەرنجە لەگۆشەی راستی تابلۆکە کوڕی سیسامینس لەسەر ئەو کورسیەی پێستی باوکی پێدادراوە دانیشتوە و زۆر بەجدی و دلسۆزی کارەکانی جێبەجێ دەکات.

ئەو تابلۆیەلەژوری ئەندامانی شارەوانی بروجی بەلجیکی هەڵواسرا بوو کە قازیەکان تێیدا دادەنیشتن بۆ بڕیاردان ئەوانەی دادگایی لەنێوانیان دایە و ئێستا لەمۆزەخانەی گرۆنینگە...ئەو جۆرە تابلۆیانە لەسەر دیواری ژووری دادگاکانی ئەوروپا لەسەدەی ١٥ی زاینی هەڵدەواسران .

**وەرگێڕان وئامادەکردنی**
**عوسمان عومەر**
**٢٠ ئایاری ٢٠٢٣**



# تەوافقی سیاسی یان ڕێککەوتنی وڵاتانی زل هێزی ناوچەیی لە عێراقدا

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق

هەمو ئەم دۆسیانە کە ئێستە هەن جگە لە ململانێی هێزە لۆکاڵییەکانی ناو عێراق هیچی تر نیە ، دۆسیەکانی نەوت و بودجە و دادگای فیدڕاڵی و پەرلەمان و هەمو ئەم باسانە کە لەسەر شاشەکاندا ڕۆژانە مێشکی هاوڵاتی عێراقی و هەرێمی پێوە سەرقاڵ دەکرێت ڕوداوی سیناریۆ ئاسای سەر شانۆ و سەر ڕوی تیڤییەکانە ، ئەوەی دەگوزەرێ لە عێراقی دوای سەدامدا جگە لە گواستنەوەی سەکۆی ململانێکانی هەرێمی و جیهانی بۆ سەر ساحەی عێراقی هیچی تر نیە ، دوای سەدام عێراق بەدەست کۆمەڵیک هێزەوەیە کە هەر یەکێکیان سەر بە ئەجێندای وڵاتێکی زل هێزی ناوچەییە، بە تایبەت ئێران و تورکیا بە گڵۆپی سەوزی وڵاتانی زل هێزی جیهانیەوە ، ئەوەشی هەیە لە عێراقدا ناویان ناوە سازانی سیاسی ( تەوافقی سیاسی ) کە لە مەجلیسی حکومەوە دەستی پێ کرد ، ئەم تەوافقە زادەی بیری عێراقی نەبوە ، واتا بەرهەمی عەقڵی سیاسی حیزبە عێراقییەکان نەبوە ، بەڵکو ڕێککەوتنی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی بوە لەسەر عێراق و هەندێ وڵاتی تر ، هێزە عێراقیەکانیش ئەوەی سەر بە یەکێ لەم هێڵانە نەبوبێت ئەوا هەر زوو سفر کراوەتەوە ئەگەر زۆر نیشتمانیش بوبێت ( سەدر و نەوشیروان مستەفا) لە هەرێمیش ڕێککەوتنی ستراتیژی هەیە لە نێوان تورکیا و ئێراندا بە گڵۆپی سەوزی وڵاتە زل هێزەکانەوە کە بنەماڵەکانی ( مەلایی و جەلالی ) نمایندەی دەکەن .

تەوافقی سیاسی حکوم لەسەر هەمو دۆسیەکان دەکات ، ئیتر ئەوەی ناو دەنرێت پەرلەمان و داداگای فیدراڵی و سەرۆکایەتی و حکومەت لەسەر ئەم نەخشە دابەشکارییە بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشی بە پلەی یەکەم تورکیا و ئێران و بە پلەی دوەم وڵاتانی زل هێز ڕەسم کراوە ، ئیتر هەمو دامەزراوەکان لەسەر ئەم ڕەسمە دابەش کراوە ، هەر لە مەجلیسی حوکمەوە تا ئێستا تەوافق دەستەڵاتی یەکەم ( سەرۆکایەتی بۆ کورد ، حکومەت شیعە و پەرلەمان سونە ) ئەم دابەشکاریە ڕەگێکی مێژویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە کۆنەکان ، واتا بڕیارەکان لە عێراقدا لۆکاڵی نین و لە دەرەوە بڕیار لەسەر دۆسیەکان دەدرێت .

لە کوردستانیشدا هەمان دابەشکاریە و (ڕێککەوتنی ستراتیژی) پەنجا بە پەنجا لەهەمو ئاستەکاندا هەیە بە دابەشکاری جوگرافی و بودجەشەوە ، بۆ دۆسیە گەورەکان ئەنقەرە و تاران بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشیان بڕیار دەدەن ، تەنها بۆ کارە خزمەتگوزارییەکانیان دەتوانن بڕیار بدەن ، حیزبەکانی تریش هەر یەکەیان سەر بە یەکێ لەم زۆنانەیە یان سەرو پشکیان هەیە لە هەردولا ، هەرێمیش بە حوکمی ژینگەی سیاسی و ئابوری شوێنێکە بوەتە سەکۆی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان وڵاتە زل هێزەکانی ناوچەیی و جیهانی .

تەوافقی سیاسی عێراقی و ڕێککەوتنی ستراتیژی هەرێم دوو دیوی یەک دراون ، کە بۆ هەرێم و عێراق دانراوە و کۆنترۆڵەکەی لە ئەنقەرە و تارانە ، لە گەورەتریشدا (کارت بە کارت ) سوریا بۆ تورکیا و عێراقیش بۆ ئێران و بە پاراستنی بەرژەوەندی هەر یەکێکیان لەو وڵاتەی بەری دەکەوێ و بێدەنگی ئەوی تریان ( بوردمان کردنی هەولێر لەلایەن درۆنەکانی ئێرانەوە و بێدەنگی تورکیا و گرتنی عەفرین لەلایەن تورکیا و بێدەنگی ئێران )

ئیتر ئەوەی دەگوزەرێ کە گوایە پەرلەمانی عێراقی فلان بڕیاری دا و دادگا فلان بڕیاری دا ، یان فلان هێز دەیەوێ فلان هێز بسڕێتەوە و یان عێراق دەیەوێ هەرێم لەسەر نەخشە نەهێڵێت جگە لە سیناریۆیەک وەک بەرنامەی کارتۆنی منداڵاکان لە تیڤییەکانەوە هیچی تر نیە ، کاتێک ئەمانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت کە لە سەنتەرەوە واتا ئەنقەرە و تاران ململانێکیان ببێت بە جەنگ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان تێک بچێت ، لە پشتی ئەمانەوە هێزی دادگا و دەستور و سیستەمی وڵات ئەو گەمژاندنەیە کە خەڵکی پێوە سەرقاڵ دەکەن و گەندەڵیش بۆ وڵاتانی داگیرکەر ژینگەیەکی باشە تا سەرکردەکانی پێ بکەن بە کۆیلەی ئەجێندای خۆیان .



# لۆزانی ستەمکاری لە دەرسیمەوە تا شەنگال


## لەتیف فاتیح فەرەج

وەڵام نەدانەوەی خواستی کورد لە دوای روخانی دەوڵەتی عوسمانی ، هۆیەکی گرنگە بۆ نەبوونی ئاسایش و ئارامی لە هەر چوار دەوڵەتی تورکیا ، ئێران ، عیراق ، سوریا ، چونکە ئەگەر لە کاتی خۆیدا وەڵامی خواستەکانی کورد بدرایەتەوە ئیدی ئەم پتر لە سەت ساڵە لە نێو شەڕو خوێن رشتنا نابووین ، فەڕەنسیەکان و بەریتانیەکان وەك براوەی شەڕ ئەم ناوچەیەیان بەسەر خۆیاندا دابەشکرد لە دوای ساڵی 1916، دواتر دوای دوو ساڵ فەڕەنسا دەستی لە زۆربەی خاکی کوردستان هەڵگرت بۆ ئینگلیز ، ئینگلیزیش بێ ئەوەی وەڵامی کورد بداتەوە کوردستانی لە نێوان هەرسێ وڵاتی تورکیا ، عیراق ، سوریادا دابەشکرد ، بەشەکەی ئێرانیش هەر بەدەستی ئێرانەوە مایەوە ، ئینگلیزەکان زۆر باش دەیانزانی تەواوی ویلایەتی موسڵ و تا زنجیرە چیاکانی حەمرین فڕیان بە سەر عیراقی عەرەبیەوە نیە ، نەك هەر ئەوە بگرە زۆر شوێن و ناوچەی تریش لە ناو عیراق ، رۆژێك لە رۆژان موڵکی عەرەب نەبووە ، بەڵام تەواوی ئەو خاکەیان رادەستی فەیسەڵ کرد ، ئەگەر لە پەیماننامەی سیڤەردا هەڵوەستەیەکی لاوەکیانە لە سەر پرسی کورد کراوە ، ئەوە دوای سێ ساڵ لەو دیرۆکە لە ساڵی 1923 لە پەیمانی لۆزاندا بە تەواوەتی واز لە کورد هێنراو کورد خەڵك و خاکەکەی خرایە بەردەم ئەو درندە ناسیونالیستانەی ، هیچ بروایەکیان بە پێکەوە ژیان و مافی گەلانی ترو جیاوازی رەگەزو زمان نەبوو ، تەنها چەند ساڵێکی کەم دوای لۆزان دەرسیم خەڵتانی خوێنکرا ، راپەڕینی دەرسیم ساڵی 1938 بە ئێمە دەڵێت کورد بەو دابەشکاریە رازی نەبوونە ، هەڵبەت هەر لە دەرسیم نا بگرە لە سلێمانی و بارزان و شوێنەکانی دیکەی باشوری کوردستانیش بۆ یەك رۆژ خەڵك بەو دابەشکاریە ناکاریە رازی نەبوون ، ئەوەشمان بیر نەچێت پێشتریش لە ساڵی 1930 لە ئاگری داخ بزوتنەوەی رزگاری بەرپا بوو ، هەموو ئەو روداوانە کە زۆریان لە بارەوە وتراوە پەیوەستن بەو گوێنەگرتنەوە لە کوردان لە لۆزان . وێنەکارەساتبارەکانی ، کوشتن ، ئەتککردن ، راگوازتن و لە ناو دان لە دێرسیم ئێستاش مرۆڤ توشی سەراسیمەی دەکەن ، ئەو وێنانە لیپن لە ئازاری کورد بوون ، گێڕانەوە کارەساتبارەکان ، دانپیانانی سەرباز لێرەو لەوێ هەموو ئەوانە بۆ یەکجار نەسیاسیەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا نەسیاسیەکانی تورکیایان رانەچەناند ، جگە لە دەستشکانەوەی نێوان ئەم بەرپرس یان ئەو بەرپرسی تورك بۆ بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی ، وەك ئەوەی کاتی خۆی ئەردۆغان فرمێسکی تیمساحانەی بۆ دێرسیم دەڕشت، ئەوە جگە لە یاریەکی گڵاو زیاتر هیچی تر نەبوو ، چونکە خودی ئەردۆغان لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا چەند جارێك لە باکوری کوردستان ، باشوری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان کۆمەڵکوژی کرد ، نەك هەر ئەوە تەنانەت لە کاتی کوشت و بڕو تاڵانی عفریندا ئەو گۆرانی بۆ سەربازەدرندەکان دەگوت .

لە نێوان دێرسیم 1937 تا شەنگال 2014حەفتاو حەوت ساڵ هەیە ، 77 ساڵ لە کوشت و بڕ بەرەنگار بوونەوە ، بزوتنەوەی چەکداری و یاخی بوون و داوای مافکردن ، لەو 77 ساڵەدا سەدان هەزار کورد کوشت و بڕکراون ، لە شوێن و جێی خۆیان هەڵکەندراون ، خراونەتە زیندانەوە ، هەزاران گوند وێرانکراون ، لەو 77 ساڵەدا کێشەی دەیان دەوڵەت و گەل لە سەر ئاستی دنیا چارەسەرکراون ، دەیان دەوڵەتی نوێ لە دایکبوونە ، سەدان پەیمانی ئاشتی مۆرکراون ، بەڵام کێشەی کورد وەك خۆی هێڵراوەتەوە ، کاتێك داعش پەلاماری شەنگالیان داو هەزاران ژن و کچیان بە تاڵانبرد جارێکی تر گەورەیی برینی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد کەوتەوە بەرچاوی دنیا ، داعش لە موسڵ لەگەڵ تورکیا بە رێکەوتن چەند دیبلۆمات و کارمەندێکی کونسوڵگەری دەداتەوە تورکیا و دواتریش ئەم رێکەوتنە پەیوەندی تورکیاو داعش لە عەنتاب و زۆر شوێنی تر دەباتە ئاستێکی ترەوە ، کەچی لە شەنگال هەزاران کچ و ژن بە تاڵان دەبات و تا ئێستای کاتی نوسینی ئەم وتارەش هێشتا چەند هەزار بە دیلگیراوو بێسەرو شوێن هەن ، من خۆم دوای گەڕانەوەو رزگار کردنی نێچیری دەستی داعشم بینیوە لە چ بارو دۆخێکدا بووە ، سەت ساڵە ئێمەی کورد باجی ستەمکاریەك دەدەین کە دەوڵەتە زلهێزەکان نەخشیان کێشاوەو ئێستاش دوای سەت ساڵ لە بری راستکردنەوەی ئەو ستەمە ، کار بۆ ئەوە دەکرێت ستەمکاریەکە لە رێگەی لۆمپەنی خۆییەوە بەردەوامی هەبێت .





قسە کردن لە لۆمپەنی خۆیی " یان خود لۆمپەنی " بریتیە لە مامەڵەی سەرانی تورکیاو ئێران و عیراق و سوریا لە گەڵ چرسی کورد ، وەك پرسێکی لۆکاڵی و لە رێگەی بە جاشکردنی کوردەوە دورکەوتنەوە لە چارەسەری ریشەیی ، بە بڕوای من هۆکاری ئەم جۆرە مامەڵەیەش دیسان دەوڵەتانی زلهێزی وەك بەریتانیاو ئەمەریکان ، کە نایانەوێت کێشەکە چارەسەر بکەن ، چارەسەری تەواوەتی دەنا تا ئەمجۆرە لە دابەشکاری و ئەو شێوازە لە چەوسانەوە بەردەوام بێت جاشێتی و لۆمپەنیش بەردەوامە .

YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703